# کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان

ئەنوەر حسێن (بازگر)

2018

## کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان

بابەت:  سیاسی

ناوی نووسەر: ئەنوەر حسێن (بازگر)

دیزاینی بەرگ و ناوەوە: ئومێد محەمەد

تیراژ:  500  دانە

ساڵی چاپ: 2018

چاپ: چاپخانەی حەمدی

نرخ: 3000 دینار

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان

ژمارەی سپاردن ( 924 )ی ساڵی2017ی پێدراوە

# کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان

ئەنوەر حسێن (بازگر)

2018

# پێڕست


**بەشی** 1: بۆچی کۆنگرەی نەتەوەیی پێویستە؟.................................7

ڕۆڵی کۆنگرەی نەتەوەیی لە بەرامبەر مەترسییەکان لەسەر کورد.........13

مەترسییەکانی سەر گەلی کوردستان کامانەن..............................17

یەکەم: قەیرانی سوریا و داهاتووی کورد......................................19

دووەم: قەیرانی داعش و داهاتووی باشوری کوردستان.........25

سێیەم: کورد و پاکتاوی ئیتنی لەلایەن تورکیاوە.........................29

چوارەم: ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە نەخشەی داهاتووی ترامپدا...........33

پێنجەم: کوردستان لە قۆناغی (پۆست ڕیفراندۆم و پۆست 16 ئۆکتۆبەر)........39

**بەشی** 2: کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان؛ هەنگاو و بڕیارەکانی.............43

**بەشی** 3: کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان بۆ دواکەوت؟...............55

تایبەتمەندی و لایەنە پۆزەتیڤ ونێگەتیڤەکانی...............................61

یەکەم: باشوری کوردستان...........................................................73

بیۆگرافیای هێزەکانی باشوری کوردستان....................................83

دووەم: باکوری کوردستان.............................................................................89

بیۆگرافیای هێزەکانی باکوری کوردستان.......................................95

سێیەم: ڕۆژهەڵاتی کوردستان.....................................................111

بیۆگرافیای هێزەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان............................119

چوارەم: رۆژئاوای کوردستان.....................................................127

بیۆگرافیای هێزەکانی رۆژئاوای کوردستان...............................135

**بەشی** 4: کۆنگرە بۆ دواکەوت؛ ئێستا کاتییەتی؟........................147

**بەشی** 5: کێ خاوەنی تێزی کۆنگرەی نەتەوەییە؟.....................155

بەرهەمەچاپکراوەکانینووسەر.................................................................163

# بەشی یەکەم

## بۆچی کۆنگرەی نەتەوەیی پێویستە؟

وا بڕیاربوو پێش کۆتایی ساڵی (2013) کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان بە ئامادەبوونی (72) حزب و (114) ڕێکخراوی هەر چوار پارچەی کوردستان لە هەولێر ببەسترێت.

بڕیار بوو (5) کاندید بۆ هێزەکانی ڕۆژهەڵات و (5) کاندید بۆ هێزەکانی باشور و (5) کاندید بۆ هێزەکانی ڕۆژئاواو (6) کاندید بۆ باکور هەڵبژێردرێن، واتا هەر چوار پارچە (21) کاندید پێکدەهێنێت، سەرئەنجام پاش دەست بەکاربوونی لیژنەکان، بەهۆی کێشە و گرفتگەلی زۆر و زەوەند، هێزەکان نەیانتوانی کۆنگرە ببەستن و ئەم کارە سەرکەوتوو بکەن.

کۆنگرەی نەتەوەیی گەر بکرێت و بگیرێت و سەرکەوتوو بێت، ڕۆڵی گەورەی دەبێت لە یەکخستنی گوتاری نەتەوەیی کوردستان و دەربازبوون لە پەرش و بڵاوی و چارەسەرکردنی کێشەو گرفتەکان.

بێگومان سەرکەوتنی کۆنگرە، نەیاری زۆریشی بۆ پەیدادەبێت و هەوڵی تێکدانی دەدەن، وڵاتانی ناوچەکەو بەتایبەتی ئێران و تورکیا زۆر دژی ئەم هەنگاوەن، کە کەم و زۆر کاریگەریان هەیە لەسەر کۆنگرە.

بەڵام دەبێت پرسیاری سەرەکی ئەوە بێت، بۆچی لە بارودۆخی پڕ دژواری گەلی کورد لە ماوەی دەیان ساڵی رابردوودا و بەتایبەت لە ئێستادا، هێزە کوردییەکان مل نادەن بۆ ئەم کارەو ئەم مەترسییە جدییە نابینن، کە لەسەر کوردستان هەیە.

ئایا فاکتەری سەرەکی و رێگری سەرەکی چییە لەبەردەم نەبەستنی کۆنگرەیەکی وەهادا، کە حەتمەن لایەنە پۆزەتیڤەکانی زۆرترو باشترە لەلایەنە نێگەتیڤەکانی؟

ئەگەرچی فاکتەری ناوخۆیی و هەلومەرجی تایبەت، تایبەتمەندی هەرکام لەو پارچانە دەبێ لەبەرچاو بگیرێت،

بەڵام هیچ کام لەمانە نەدەبوو ببنە هۆی دواکەوتنی کۆنگرە.

هیچ کام لە بەرژەوەندی حزبی، ئیمتیاز، ئیدۆلۆژی، فکری و هەژمونگەرایی حزبی نەدەبوو هێندە زەق بکرێنەوە، کە مەسەلە چارەنوسسازە نیشتمانی و نەتەوەییەکان لەبەرچاو نەگرێت.

ئەمە راستە، کۆنگرە دارعاسای سیحری نییە، هەمو گرفتەکانی گەلی کوردستان چارەسەر بکات، یان کێشەو ئاریشەکانی نێوان هێزە سیاسییەکانی هەر چوار پارچە بە یەکجاری کۆتایی پێ بێنێت، رەنگە کۆنگرە نەتوانێ دەوڵەتێکی سەربەخۆ دروستبکات، یان هەموو قەیرانە سیاسی و ئابورییەکانی پێ چارەسەر نەبێت، بەڵام دەتوانێت رۆڵی مەزن لەم بوارەدا بگێرێت.

یان لانیکەم دەتوانێت، گوتارێکی یەکگرتوو بە پەیوەندییەکی دۆستانەو

نیشتمانی دروستبکات، شەڕی ساردی ڕاگەیاندنی نێوان لایەنەکان کەم بکاتەوە، پەیوەندی و هەماهەنگی ئەمنی نێوان لایەنە کوردییەکان بەرێتە پێش و لە ئاستی میدیاو دبلۆماسیدا یەکگرتووتر هێزەکانی نیشانبدات و لایەنە گەورەکان دەتوانن هاوکاری سیاسی، ئابوری، میدیایی لایەنە بچوکەکان بدەن، پارچە گەشەکردوەکان یارمەتی هێزەکانی پارچەکانی تر بدەن، کە هێشتا هەلومەرجێکی سیاسی لەباریان نییە.

کۆنگرە دەتوانێت زۆر شتی سادە بکات، کە بەلای کۆمەلانی خەڵکی کوردستانەوە دڵخۆشکەرو جێگەی ئومێدە.

چونکە پرسیارێکی جەوهەری هەیە..؟

ئایا جگە لەم هێزە کوردییانەی ئەم چوار پارچەیە، گەلی کورد چ دۆستی، دڵسۆزو، خەمخۆرو پارێزەرێکی هەیە؟ (سەرەڕای ئەوەی سەدان ڕەخنە و گلەیی لەم هێزانە هەیە لەلایەن خەڵکی کوردستانەوە).

# ڕۆڵی کۆنگرەی نەتەوەیی لە بەرامبەر مەترسییەکان لەسەر کورد

سەرەڕای دەستکەوتی زۆر و زەوەند لە سێ پارچەی (باکور، باشور، رۆژئاوا) کە خۆی لە بوونی فراکسیۆنێکی کوردی سەربەخۆ بۆ یەکەم جار لە مێژووی تورکیا لەلایەن (HDP) بە (59) کورسی لە پەرلەمانی تورکیا و بردنەوەی سەدان شارەوانی باکور.

بوونی ئەزمونێکی باش لە باشور و دروستکردنی هەرێمێکی فیدڕاڵ، کە لە مێژووی باشوردا بێ وێنەیە (سەرەڕای پەکخستنی پەرلەمان و کێشەی دارایی و بژێوی ژیانی خەڵک).

رزگاربوونی زۆربەی رۆژئاوای کوردستان لە دەست رژێمی بەشار ئەسەد و بەدیهێنانی کانتۆنەکان و خۆبەڕێوەبەری و کارکردن بۆ هەرێمێکی فیدڕاڵی رۆژئاوا.

لە پاڵ ئەو دەستکەوتە زۆر و

زەوەنـــدانـــە، هـــەر لــە ئێـســتـادا دەیــان هـــەڕەشـــە و مـــەتـرســـی لـــەســـەر ئـــەم دەستکەوت و ئەزمونانە هەیە، لەلایەن وڵاتانی ناوچەکەوە خۆیان مەڵاسداوەو چاوەڕوانی تێکشکاندن و شکستهێنانی ئەو سێ ئەزمونەو لەباربردنی دەستکەوتە سادەکانی رۆژهەڵاتن، واتا دەستکەوتە بەدیهاتووەکانی دوای جەنگی سارد و سەرەتای دەیەی نەوەدەکان لە مێژووی سـەد سـاڵـەیـەدا بێ وێـنـەیـە (سـەرەڕای گلەیی و رەخنەکانیش)، بۆیە بۆ پاراستنی ئەم دەستکەوتانەو تێپەڕینی گرفتەکان و رووبەرووبونەوەی مەترسییەکان، یەکێک لە فاکتەرە گرنگەکان، کە یارمەتیدەرە، سازکردنی کۆنگرەی نەتەوەییە.

# مەترسییەکانی سەر گەلی کوردستان کامانەن؟

# یەکەم:
# قەیرانی سوریا و داهاتووی کورد

قەیرانەکانی سوریاو شکستی پیلانەکانی تورکیاو جەمسەربەندی سوننە لە سەرەتای رووداوەکانی دیمەشق و رووداوەکانی بەهاری عەرەبی لە 2011 لە بەرامبەر پلان و هەژمونگەری جەمسەربەندی ئێران و شیعەکان تا دەهات روخانی ئەسەد و ئەڵتەرناتیڤێکی سوننی پەرەیدەگرت و پاش کوژرانی نزیکەی (500) هەزار کەس. ئێستا رووداوەکان رێک خەریکە پێچەوانە دەبنەوە.

نەیارە سەرسەختەکانی قەیرانی سوریا چ ناوچەیی، چ نێودەوڵەتی مەبەست ( ئێران، عێراق، سوریا، حزبوڵڵا- وەکو بەرەو جەمسەری شیعی) و بەرەی (تورکیا، سعودیە، قەتەر، هێزە محلیەکانیان) لەلایەکەوە و لایەنی نێودەوڵەتی (روسیا و ئەمەریکا) خەریکی سازشن و رێککەوتن و چاو لە شەڕو کوشتاری رابردوو دەپۆشن و چ بە ئاشکرا و نهێنی، دوو قۆڵی و چوار قۆڵی وڵاتانی داگیرکەری کوردستان لە جەزائیر، تورکیا، عێراق خەریکی کۆبوونەوەن و دارشتنی سەر لەنوێی نەخشەی

جیۆسیاسی و جیۆگرافیای ناوچەکەن بەپێی بەرژەوەندییەکانیان.

بلۆکی سوننە، دانیان بە شکستدا داناوە لە هەمبەر رووخانی ئەسەد و بلۆکی شیعەش دەیانەوێت ئیمتیاز بدەن لە بەرامبەر سەرکەوتنی خۆیان و مانەوەی ئەسەد و هەژمونی هیلالی شیعی لە تارانەوە بۆ دەریای سپی ناوەڕاست و لوبنان.

سەردانەکانی (بن عەلی یەڵدرم) سەرۆک وەزیرانی تورکیا لە ژانویەی 2017 بۆ عێراق و ناوبردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە (ئیدارەی باکوری عێراق)، سەردانی وەلید موعیلم لە ساڵی 2016 بۆ بەغدا، چونی هاکان فیدانی راوێژکاری دەزگای میتی تورکیا بە نهێنی بۆ سوریا، سەردانی چاوش ئۆغلۆ وەزیری دەرەوەی تورکیا بۆ تاران و هاوتا ئێرانییەکەی محەمەد جەواد زەریفی ئێرانی بۆ ئەنکەرە و دانیشتنەکانی جەزائیر، ئاسایی بوونەوەی پەیوەندییەکانی مۆسکۆ و ئەنکەرە لە پاش کەوتنە خوارەوەی فرۆکە روسییەکە

لەلایەن تورکیاوەو بە نەرمی نواندن و سازشی ئەنکەرە، پاشەکشەی بەشێکی هێزەکانی روسیا لە پاش گرتنەوەی حەلەب و وردە وردە پاشەکشەی داعش لە جەرابلوس، مەنبج، رەقە و ئەلباب و پەلکێشی سوپای تورکیا بۆ خاکی سوریا بە مەرامی گرتنی شارۆچکەی ئەلباب و عفرین بۆ رێگری لە یەکەوەبەستنی شارەکانی (کۆبانی – عەفرین- کە لە ژێر دەسەڵاتداری PYD دا دان) بۆردومانی تۆپخانەکانی تورکیا لەسەر ئەو ناوچانەی لەژێر دەسەڵاتی سوپای سوریای دیموکرات، کردنەوەی ئەجێنداو مەلەفی کشانەوەی هێزەکانی تورکیا لە بەعشیق لەبەرامبەر چۆڵکردنی شەنگال لەلایەن هێزەکانی PKK و نەرمی نواندنی عێراق لەم فایلە.

شکستی ئەو نەخشە سەربازییەی کە بۆ گرتنەوەی موسڵ لە ساڵی 2016 دانرابوو و لە 2017 کۆتایی بەگرتنەوەی موسڵ لەژێر دەسەڵاتی داعشدا ئەو ئۆپراسیۆنە هەمەجیانەی دەسەڵاتدارانی تورکیا دژی HDP و DTP،

هاوسەرۆکانی HDP وەو سازشە نهێنیەکانی نێوان مۆسکۆ و واشنتۆن.

نـارونـی کابینەی تـرامـپ لـە داهـاتـووی ئەمەریکا سـەبـارەت بە قەیرانی سـوریا و نەرمی نواندنی بەرامبەر مۆسکۆ ئەگەرێکە، کە رەنگە بە قازانجی کورد تەواو نەبن، ئەگەرچی واشنتۆن لە کۆتایی 2017 و سەرەتای 2018 هاوکاری سەربازی زۆری پێشکەشکردووە بـە هێزەکانی سـوپـای سـوریـای ئـازاد، کە زۆرینەی کوردن، ئەمەش واتای ئەوە نییە کە بە یەکجاری ڕۆژئـاوای کوردستان گەرەنتی نەکەوتنی لـە واشنتۆن وەرگـرتـووە، بـەڵام لانیکەم ناگەڕێتەوە چوارگۆشەی یەکەم.

((واتا کۆی ئەم گەرموگوڕییە دبلۆماسیەی نەیارانی کورد خاڵی گرنگ و فۆکەس لەسەر کراوی مەسەلەی کورد و فایلی ئەم پارچانەی کوردستانە، قەیرانی سوریا و هەڵگیرساندنی شـەڕ لـەو وڵاتـە گـەر فاکتەری سەرکەوتنی شۆڕشی رۆژئاواو بەهێزبوونی باشور بووبێت

له (2011) ئەوا لە (2018)دا کپ بونەوەی قەیرانەکانی سوریا بۆ تێکشکاندنی ئەزمونی رۆژئاوا و باشوری کوردستانە)).

بەو فاکتەی ئەم چوار هێزە ناوچەیی (عێراق، ئێران، تورکیاو سوریا) گەر هەزار خیلاف و ناکۆکیان هەبێت، گەر خاڵێکی هاوبەشیان نەبێت (کە هەیانە)، بەڵام هەموویان و لە هەموو کات و زەمانێکدا، لەسەر خاڵێک رێکبوون کە (دژی کورد و تێکشکاندنی دەستکەوتەکانی گەلی کورد لە پارچەکانی کوردستانە).

بۆیە قەیرانەکانی سوریا، چەندە دەستکەوتی گەورەی بۆ کورد بەدیهێنا، هێندەش مەترسی لە ناوخۆی خۆیدا بۆ کورد لە ئێستادا هەڵگرتووە.

بۆیە یەکێک لە ضەرورییەت و گرنگبوونی سازدان و بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان. رەنگە لێرەدابێت کە بەڵێ پێویستە.

# دووەم:
# قەیرانی داعش و داهاتووی باشوری کوردستان

قەیرانەکانی سوریا و ململانێی مەزهەبیەکانی عێراق، دەخالەتی تورکیا، سعودیە و ئێران. فاکتەرێکی گرنگبوون بۆ سەرهەڵدانی داعش و دەستبەسەرداگرتنی موسڵ، حوزەیرانی (2014) و کۆنترۆڵکردنی ئەو شارە.

هەر زووش پەلاماری باشوری کوردستان و رۆژئاوای کوردستانیان دا، زۆری نەمابوو کۆبانێ و هەولێر بگرن و هەردوو ئەزمونەکە بخەنە بەردەم لەناوچونەوە.

- داعش گەر دەرهاویشتەی ململانێی ناوچەیەکانی ولاتانی ناوچەکە و شیعە، سوننە، تورکیا و ئێران بوو بێت، داعش گەر دەرهاویشتەی چەوسانەوەی سوننەکانی عێراق بوو بێت لەلایەن زۆرینەی شیعەوە.

- داعش گەر دەرهاویشتەی شەڕ و قەیرانەکانی سوریا و بەهاری عەرەبی بوو بێت.

- داعش گەر دەرهاویشتەی ململانێی دەزگای موخابەراتی و هەواڵگرییەکانی ناوچەکە بوو بێت.

- داعش گەر ئەجێندایەکی تەومژاوی ئەمەریکا بووبێت.
- داعش گەر زادەی گەشەی بزوتنەوە ئیسلامییە فەندەمێنتال و رادیکاڵ و ئیسلامییە تیرۆریستەکانی بووبێت.

بەڵام:

فاکتەری گرنگ و ئەساسی سەرهەڵدانی داعش، بۆ تێکشکاندنی روحی نیشتمانی و ناسیۆنالیزمی کورد و ئەزمونەکانی بوو لە باشور و رۆژئاوای کوردستان.

خۆ ئەگەر هێزی پێشمەرگە و شەڕڤانانی یەپەگە و یەپەژە نەبوایە، باشور و رۆژئاوا چارەنوسیان هاوشێوەی موسڵ و رەقە و ئەنبار دەبوو ئێستا، ئەگەرچی داعش پاشەکشەی کردوەو تێکشکاوە، بەڵام نەفەوتاوە و ئەگەری سەرهەڵدانی هەیە بۆ فۆرمێکی تر و ناو و پەرچەمێکی تر، بەڵام بەهەمان ئەجێندای دژی مافەکانی کورد کەمتر مەترسی فیزیکی و عەسکەری لەسەر هەردوو پارچەکە هەیە، بەڵام مانای ئەوە

نییە، داعش کۆتایی هاتووە، مانای ئەوە نییە مەترسی ئەم گروپگەلە ئیسلامیە رادیکالاّنە لەسەر کوردستان نەماوەو لە داهاتووشدا دروستیان ناکەنەوەو بە فۆرم و شێوازێکی نوێ سەرهەڵنادەنەوە.

نەخێر، داعش هەمیشە ئەگەرێکە لە داهاتوودا دووبارە بێتەوەو هەڕەشەی جدیش بێت لەسەر کوردستان.

کەواتە:

هەڕەشەی داعش و گروپی هاوشێوەی لە داهاتوودا دەخوازێت ضەرورییەتی کۆنگرەی نەتەوەیی بخەینە ئەجێندای کاری هێزە سیاسیەکانەوە.

بەڵێ:

بونی داعش سەرەڕای پاشەکشەی و نزیک کۆتایهاتنی پێماندەڵێت ئێستا لە هەموو کات باشترە کۆنگرەی نەتەوەیی ساز بکەین.

# سێیەم:
# کورد و پاکتاوی ئیتنی لەلایەن تورکیاوە

ساڵی (2013)، کە ڕاگەیاندنی کۆنگرەی نەتەوەیی کرا، لە باکور پرۆسەی ئاشتی لە ڕۆژەڤــدا بــوو، بــەڵام ئێستا ئەنکەرە ئـەو پـرۆسـەیـەی لـە بـاربـردووە، لـە پاش کودەتای حوزەیرانی 2016ی تورکیاوە، ئەنکەرە دەستیداوەتە پەکتاوی ئیتنی و نەتەوەیی گەلی کـورد لـەو پارچەیە و لە رابــــردوودا زیـاتـر لـە (2000) هـاوڵاتـی سڤیلی شەهیدکردووە و زیاتر لە (2570) ئەندام و دۆستی HDP و کەجەدەو DTPی دەستگیرکردووە، (280000) کەسی لەو وڵاتە دەستگیر کردووە و لەسەر کار لایداون.

وەکـو ئـەردوگـان دەڵـێـت "ئامانجیان لەناوبردنی تیرۆرە، کە مەبەستیان لەگەڵ PKK و PYDیە، بەڵام ئامانجەکەیان لەوە گەورەترە و دەیانەوێت HDP بە تەواوی

یاساخ بکەن دایبخەن و ئیتر ڕێگانەدەن هێزگەلێکی نیشتمانی و نەتەوەیی کوردی لە ڕۆژهەڤدا بمێنێت".

تورکیا جیا لەوەش ڕایگەیاندووە کە ڕێگا نادات شەنگال ببێتە قەندیلی دووەم، بۆ ئەم کارەش داوای هاوکاری لە عێراق و پارتی دیموکراتی کوردستان کردووە، کە دوور نییە ((گەر کۆنگرەی نەتەوەیی ساز نەکرێت)) شەر لە نێوان PKK و PDK بە دەخالەتی تورکیا دروست نەبێت، باشور بگێڕێتەوەو دەیەی نەوەدەکانی شەڕی ناوخۆ.

جیا لەوەش. هەر ئێستا تورکیا و PKK لە شەڕێکی قورس و گەورەدان و ئاماژەکان دەڵێت "لە داهاتوودا بێ چارەسەری کێشەکان، شەڕەکان فراوانتر و گەورەتر دەبن".

بەڵێ، کەواتە ئێستا کاتی بەستنی کۆنگرەی نەتەوەییە.

# چوارەم:
# ئێران و رۆژهەڵاتی کوردستان
# لە نەخشەی داهاتووی ترامپدا

پاش هەڵبژاردنەکانی ئێران هەڵبژاردنەوەی ڕۆحـــانـــی، بــەهــۆی داکــۆکــی لــە لایــەنــە ریفۆرمیستەکان و مـردنـی عـەلـی ئەکبەر هاشمی ڕەفسنجانی لـە ژانـویـەی (2017) هێندەی تر قەیرانەکانی ئێران قوڵدەکاتەوەو تا دێت ململانێی محافزکارو ریفۆرمیستەکان توندترو توندتر دەبێتەوە.

خۆنیشاندانەکانی سەرەتای ساڵی 2018 لە مەشهەد و تـاران و شـارە گەورەکـانـی ئێران، زەنگێکی مەترسیدار بوون بۆ ئێران، کە ڕەنگە بەهاری عەرەبی گەڕابێتەوە.

لـێدوانـەکـانـی دۆنـالـد تـرامـپ سـەرۆکـی ئـەمـەریـکـا، کـە پـشـتـیـوانـی لـە داواکـانـی خۆنیشاندەران دەکـەن، بە سـەرەتـای ئەو سیاسەتە نوێیەی ئەمەریکا لێکدەدرێتەوە، کە ئەمەریکا نیگەرانە لە سیاسەتی ئێران و لە ناوچەکە و ڕەنگە بیری لە ئاڵوگۆڕ کردبێتەوە.

هەرچەندە لە خۆنیشاندانەکانی سەرەتای ساڵی 2018 ئێران، خۆرهەڵاتی کوردستان دەور و نەقشی زۆری نەبووە، بەڵام لە هەر

ئاڵوگۆڕێکدا خۆرهەڵات گەر سەنتەر نەبێت، بەشێکی گرنگی ئاڵوگۆڕەکانە، ئەگەرچی هێزە سیاسییەکان یەکگرتوو نین و کێشە و گرفتیان زۆرە، کە ڕەنگە خراپترین گرفتی داهاتوو بن و شەڕی نێوان پژاک و هێزە سیاسییەکانی تر، کە ڕەنگە داهاتووی ڕۆژهەڵات بکەوێتە ژێر دیفاکتۆوەوە و باشور باشتر یەکگرتوو بن.

ڕەنگە خاڵێکی پۆزەتیڤ ئەوە بێت، کە ئاڵوگۆڕ لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان فاکتەرێکی یاریدەدەرە بۆ باشووری کوردستان و دەربازبوونی لە قەیرانەکانی.

ترامپ رایگەیاندوە، ڕێککەوتنی 5+1 لەگەڵ ئێران سەبارەت بە دۆسیەی ئەتۆمی ئێران هەڵدەوەشێنێتەوەو پێدەچێت فشارەکانی لەسەر ئێران توند بکاتەوە، کە ئەمانە خاڵی پۆزەتیڤن بۆ رۆژهەڵات، کە گرنگی (کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان) دەردەخات، بەڵام خاڵێکی گرنگ هەیە، ئەویش ئەمەیە:

((ئێران براوەی قەیران و ئاریشە و کێشەو ململانێکانی بەهاری عەرەبی و ڕووداوەکانی

سوریا و یەمەن لە لوبنان و عێراقە)).

بەو واتایەی هەیمەنەو هەژمونی شیعە و هێزی شیعی لە (1979) هێندەی کاریگەری نەبووە، هەر ئێستا ئێران پێنج پایتەختی ناوچەکە بەڕێوەدەبات. (تاران، بیروت، بەغدا، سەنعا، دیمەشق) و هەژمونی هیلالی شیعی لە تارانەوە دێت بە دیالە، تکریت و شەرگات، دەگاتە شەنگال، تەلەعفەر، رەبیعە و رۆژئاوا تا دەگاتە دەریای سپی ناوەڕاست و ناوچەی عەلەوی نشین و لەوێشەوە دەگاتە بیروت و حزبوڵلا، لە رێگای دەریاشەوە دەگاتە دەریای سور لە یەمەن و بەردەوام باربووی حوسیە شیعەکان دەکات و تەنانەت مەترسی لەسەر سعودیەو وڵاتانی کەنداوی فارس دروستکردوە، هاتنە پێشەوەی محەمەد بن سەلمانیش لە سعودیە هەر لەبەر ئەم فاکتەرەیە و تادێت گرژی و ئاڵۆزی زۆرتر بە خۆیەوە دەبینێت,

- عێراقی بە تەواوی کۆنترۆڵکردووەو سوپای پاسداران، رۆڵی یەکلاکەرەوەی

هەیە لە شەڕی داعش و تەنانەت هەژموونی زۆریشیان لە ناوچەی سەوزی هەرێمی کوردستان هەیە.

– لوبنان بەهۆی حزبوڵڵا و نەسروڵڵای خوێندکاری خامنەییەوە کۆنترۆڵی بەیروتی کردووە.

– سوریاش دیارە دەبێ شانازی بە ئێرانەوە بکات، کە نەهێڵێت بروخێت بەم حاڵەوە کە ئێران تەونێکی جاڵجاڵۆکەیی هیلالی شیعی دروستکردووەو کورد دەکەوێتە ناو ئەو جوگرافیاکەیەوە.

ئایا مایەی مەترسی نییە؟

ئایا پێویست بە کۆنگرەی نەتەوەیی ناکات؟

ئەوە لە کاتێکدایە، وەکو وتمان لە ئاستی نێودەوڵەتی مۆسکۆ هاوپەیمانی پلەیەکی تارانەو لە ململانێی ناوچەیەکانیش لە رەقیبەکانی (ئەنکەر و ریازز) بردۆتەوە.

مەترسیەکەش لەلایەکی ترەوە ئەوەیە، کە ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی و رۆژهەڵاتی کوردستان لەوپەڕی بێ هێزی، پەرش و بڵاوی خۆیدایەو

ناتوانێت هەڕەشەی جدی بن لەسەر ئێران، جیا لەوەی ململانێیەکی سیاسی و ئیدۆلۆژی لە نێوانیاندا هەیە.

ئایا کاتی بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی نییە؟

رۆژهەڵاتی کوردستان لە چاو سێ پارچەکەی تری محرومترین پارچەیە، کە هیچ دەستکەوتێکی گەورەی بەدەستنەهێناوە و لەبەردەم مەترسی و هەڕەشەی گەورەتریشدایە.

بۆیە بۆ ئەم مەترسییە، کۆنگرەی نەتەوەیی پێویستە خاڵێکی پۆزەتیڤ گەر چاوەڕوان بکرێت لەم هەلومەرجەدا، هاتنی ترامپە، کە بە نەیاری سەرسەختی ئێران ناودەبرێت، بەڵام هێشتا ئاماژەکانی ئەم ئەجێندایە دیار نییە، کە ئایا کابینەکەی ترامپ سازشدەکات، یان لەسەر خەونی هێزەکانی رۆژهەڵات کاردەکات.

# پێنجەم:
# کوردستان لە قۆناغی
# (پۆست ڕیفراندۆم و پۆست 16 ئۆکتۆبەر)

پاش ئەوەی ڕیفراندۆمی 2017/9/25 لە باشووری کوردستان شکستیخوارد و دواتر لە 16ی ئۆکتۆبەر کەرکوک کەوتە دەست حەشدی شەعبی و (51%) خاکی باشوور و هەرێمی کوردستانیان لە ناوچە جێناکۆکەکان داگیرکردو (535) بیر نەوتیان خستەوە ژێر دەسەڵاتی خۆیان، بووە سەرەتایەکی خراپ بۆ باشووری کوردستان و تێکشکاندنی هەیمەنەی باشوور و حکومەت، بەمشێوەیە دەخالەتی وڵاتانی ناوچەیی زۆرتر بوو بۆ ڕووخانی ئەزموونی باشوور و ململانێی هێزە ناوخۆییەکان گەیشتە ئەوپەڕی سەختی خۆی و لە دیسمبەر و کۆتایی 2017 بەهۆی کەمی مووچە و قەیرانی ئابوری لەناوچەی سەوز خۆپیشاندانەکان مەترسییەکی گەورەیان لەسەر حکومەت دروستکردو باشوور بووە بە دوو بەرەی دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن، کە ڕەنگدانەوە و شکستی ڕیفراندۆم بوو، سەرەڕای ئەوەی وڵاتانی ئەمەریکا و خۆرئاوا پشتیان کردە باشوور.

بۆیە قۆناغی پۆست ڕیفراندۆم، تەنها بە لادانی بارزانی لە سەرۆکی هەرێم و فشارەکانی تورکیا و ئێران و ئەمەریکا نەوەستا و لایەنەکان داوای هەڵوەشاندنەوەی حکومەتیان کرد و گۆڕان و کۆمەڵ سەر لەنوێ لە حکومەت کشانەوە و قەیرانەکانی قوڵتر کردەوە و PKK و نەوەی نوێ و هاوپەیمانی بۆ دیموکراسی و دادپەروەریش چوونە پاڵیان، واتا پۆست ڕیفراندۆم و 16ی ئۆکتۆبەر باشووری کوردستانی گەیاندەوە خاڵی (2003) و زۆر دەستکەوتی گەورەی لە دەستدا و پەیوەندییەکانی یەکێتی و پارتیشی گەیاندە خاڵی خراپ، سەرەڕای ئەوەش کێشە و ئاریشەکانی ناوخۆیی یەکێتیش هێندەی تر هەلومەرجەکەی خراپتر کرد، هەربۆیە زۆربەی مەترسییەکان ڕوو لە یەکێتی و ناوچەی سەوزە.

بێگومان گەر کۆنگرەیەکی نەتەوەیی خاوەن هەیمەنە و دەسەڵات هەبووایە، دەیتوانی ڕێ لە زۆر لەو کارەساتانە بگرێت،

لانیکەم هێزەکانی دژی یەک نەدەبوون، بەڵام ئێستا هەرکامیان بیر لە بەرژەوەندی و نفوز و سەرکەوتنی لیستی پەرلەمان و زیادکردنی کورسییەکانی دەکاتەوە، بەم حاڵەشەوە دەتوانین بڵێین پاش ڕیفراندۆم و 16ی ئۆکتۆبەر کورد لە هەموو کات زیاتر لەبەردەم مەترسییدایە و دوورنییە هەرێمی کوردستان بگەڕێتەوە خاڵی سەرەتا و ئەزموونەکەشی لەدەستبدات، بەهۆی ململانێی ناوخۆییەوە کە یارمەتیدەرە بۆ دەخالەت و گەلەکۆمەکێی ناوچەیی.

کەواتا هەربۆیە، ئێستا لە هەموو کات زیاتر، کوردستان پێویستی بە کۆنگرەیەکی نەتەوەیی هەیە.

# بەشی دووەم

## کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان
## هەنگاو و بڕیارەکانی

سەرئەنجام پاش چەند ساڵ گفتوگۆو دیالۆگی نهێنی نێوان هێزە سیاسییەکانی کوردستان، بڕیاردرا کە تا مانگی ئاب 2013 کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان لە هەولێر سازبکرێت.

ئایا کۆنگرەی نەتەوەیی دەتوانێت پەیامێکی جددی و ئازایانە بدات سەبارەت بە داهاتووی کوردستان؟ یان تەنها کۆبوونەوەیەکی راگوزەرە بۆ قسەکردن لەسەر کورد، ئایا کۆنگرە دەتوانێت گوتارێکی یەکگرتووی کوردی دروستبکات؟ ئایا کۆنگرە دەتوانێت بە پەیامێکی نەتەوەیی سەبارەت بە دوایین پەیامی خۆی ئامادەسازی بۆ دەوڵەتی کوردی بکات؟ ئایا کۆنگرە دەتوانێت بە وڵاتانی داگیرکەری کوردستان بڵێت ئەم کۆنگرەیە روو لە ئێوە دەکات، ئایا دەتوانن و دەتانەوێت کێشەی کورد لە وڵاتەکانتان چارەسەر بکەن یان نا؟

ئەگەر ئێوە دەست درێژ بکەن بۆ ئاشتی و بەدیهێنانی مافەکانی خەڵکی کوردستان، کۆنگرە پشتیوانی دەکات، بەڵام ئەگەرنا کۆنگرە بریار

دەدات، کە هاوپەیمانێتی نەتەوەیی نیشتمانی دروستبکات بۆ داهاتووی کوردستان.

ئایا کۆنگرە بڕیار دەدات ئەو لیژنە بالآیەی پێکیدەهێنێت، بـەردەوام بێت لەسەر کارەکانی و راسپاردەکانی؟ دوای کۆبونەوەکە هەرکەس ناچێتەوە سەر کارەکانی خۆی و تەنها درێژە بە حزبایەتی بـدات، پشت لە کۆنگرە بکەن تا بەدیهێنانی مافەکانی گەلی کورد بەردەوام دەبێت؟

رەنـگـە سـەرەتـای دروسـتـکردنی چەند لیژنەو کۆمسیۆنی گرنگ، بـڕیـارو هەنگاوێکی بـاش بێت بەمشێوەیە:

**یەکەم: کۆمسیۆنی سیاسی**

ئەم کۆمسیۆنە دەبێت هەلومەرجی سیاسی ناوخۆیی و دەرەکی کوردستانی و ناوچەیی و دەرەکی لەبەرچاو بگرێت و بەدواداچوون و لێکۆڵینەوەی ورد لەسەر ئاڵوگۆڕو پێشهاتەکان بکات و رێـگـاچـارەو ئەڵتەرناتیڤی دروسـت بدۆزێـتـەوە بـۆیـان، رەوشـی سیاسی جیهان لێکبداتەوەو لایەنە پۆزەتیڤ و نێگەتیڤەکانی پەیوەند بە کورد شی بکاتەوە.

پێویسته کۆمسیۆنەکه خەڵکانی پسپۆڕ و شـارەزای کـورد بگرێته خۆی و راپۆرتی دەوری ئامادەبکات و کارشناسی کوردستان و ناوچەیی و نێودەوڵەتی بن.

نەخشه رێگای سیاسی دروست و تەشخیص بدەن لەهەمبەر مەترسییەکان و ئەگەرەکانی بەرەو پێشچوون و وردو دەقیق خاڵه باش و مەترسیدارەکان دیاری بکەن.

پێویسته ئەم کۆمسیۆنه لەپاڵ کۆمسیۆنی چـاودێری کۆنگرەو راسـپـاردەو کارەکانیدا، هەماهەنگی بکات و راپـۆرت بـدات لەسەر هەڵوێست، کار، سیاسەت، گوتار، راگەیاندن و هەڵسوکەوتی هەرکام لەو هێزانه لەو پارچانه و لەهەمبەر کاره باشەکان رێزی لێ بگرێت و لایەنه خراپەکانی به راپۆرتێک بخاته بەردەم سەرۆکایەتی کۆنگرەو رەخنەی لێ بگرێت.

کۆمسیۆنی سیاسی دەبێت بەرپرس بێت له دارشتنی پەیرەو پرۆگرام و دارشتنی گوتاری کۆنگرەو سەرپەرشتی بکات.

کۆنگرە دەبێت بڕیاربدات کۆمسیۆنێکی سیاسی تایبەت پێکبهێنێت و جەخت لەسەر لایەنە سیاسییەکان بکاتەوەو راپۆرتی تایبەت بە پارچەیەکی کوردستان ئامادەبکات و بارودۆخەکە شیبکاتەوەو خاڵە پۆزەتیڤەکان بخاتەبەر باس، لایەن و هەنگاوە باشەکان کامانەن، لەوبارەیەوە راسپاردەو بڕیاربدات، کە چۆن دەتوانێت رۆڵی هەبێت، واتا دەبێت کۆمسیۆنی سیاسی، ئەجێندای هەر پارچەیەک بەجیا ئامادە بکات، بۆنمونە گروپی حزبەکانی خۆرهەڵاتی کوردستان لەناو کۆنگرە راپۆرتێکی یەکگرتوو سەبارەت بە کوردستانی خۆرهەڵات ئامادەبکات و بیداتە کۆنگرەو دواتر بڕیاری لەسەر بدرێت، بدرێتە کۆمسیۆنێکی تایبەت لە بواری سیاسی و بۆ پارچەکانی تریش راستە، بەڵام دەبێت ئەوە لەبەرچاو بگرین، کە هەر پارچەیەکی کوردستان تایبەتمەندی خۆی هەیە، هێزەکانی جیاوازن، کێشەو گرفتی خۆشیان هەیە.

**دووەم: کۆمسیۆنی سەربازی**

لە کۆنگرەدا کۆمسیۆنێکی تر، کە پێویستە قسەو باسی لەسەر بکرێت، ئایا پێویستی بە کۆمسیۆنێکی سەربازی هەیە، بە تایبەت بۆ پارچەکانی خۆرهەڵات و خۆرئاوا، کە لە بارودۆخێکی تایبەتدان، جیاوازن لە باکورو باشور، بۆنمونە لە باشوری سودان کاتی خۆی کارێکی وا کراوە بە ناوی (سوپای رزگاری باشوری سودان)، واتا دەکرێت وەکو دوایین چانس بۆ وڵاتان قسە لەسەر لایەنی سەربازی بکرێت، چونکە گەر پێمان وابێت بە نەرمونیانی دەتوانین کێشەکانی کورد چارەسەر بکەین، یان ئەوەی ئێمە داوای ئاشتی دەکەین جێبەجێدەکرێت، بێگومان راست نییە، چونکە ئەم کۆنگرەیە پێویستی بەوەیە ئیتر کێشەی کورد بخات بە لایەکدا، بۆنمونە لە ئێستادا پرۆسەی ئاشتی لە باکور پەکی کەوتووە، ئایا دەرفەت لەم نیەتە باشەی pkk وەرگیرا، بێگومان نەخێر، ئەگەرنا چی؟ کێ بەرپرسیارە؟ ئەڵتەرناتیڤ چییە؟

هێزەکانی کۆمەڵە و دیموکرات لەماوەی بیست ساڵی رابردوودا خەباتی چەکدارییان

هەڵپەساردووە، لە جیاتی ئەوە پەرە بە خەباتی تەشکیلاتی، نهێنی، سیاسی دەدەن و دەیکەن، کە بێگومان کاریگەری زۆری هەبووە، بەڵام ئـەوەی نابێت لـەیاد بکرێت، کـە کاریگەری سلبی لەسەر کۆمەڵەو دیموکرات دانـاوە، کە خەباتی چەکداری ناکەن، بـەڵام لە بەرامبەر ئەم هەڵوێستەی ئەوان، ئێران وەڵامێکی باشی نەداوەتەوە، راگرتنی خەباتی چەکداری ئەم دوو هێزە تەنانەت بۆ یەک جاریش ئامادە نەبووە دوورو نزیک دانوستان لەگەڵ ئەم دوو هێزە بکات و لە رێگەی دیالۆگ دانوستان کێشەکانی کـورد لە رۆژهــەڵات چـارەســەر بکات، بەڵام بەداخەوە هیچ هەنگاوێکی نەناوە.

بۆیە پێویستی دروستکردنی کۆمسیۆنێکی سەربازی بۆ ئەو بارودۆخە دەگەڕێتەوە، کە باسمان کرد، کە ئێستا لە هەموو کات زیاتر پێویستی دروستکردنی (سوپای رزگاری گەلی کوردستان) هەیە، کە لە هێزەی هەموو سازمان و گرووپە سیاسییەکان لەهەر چوار پارچەی کوردستاندا دروستبکرێت.

## سێیەم: کۆمسیۆنی پەیوەندی و دبلۆماسی

بۆ کۆنگرەی نەتەوەیی ئەم کۆمسیۆنە، زۆر گرنگە چ لەسەر ئاستی ناوخۆیی و ناوچەیی و دەرەکی و دەتوانێت رۆڵێکی یەکجار پۆزەتیڤ بگێڕێت.

ئەم کۆمسیۆنە دەبێت کار لەسەر پەیوەندی نێوان لایەنە سیاسییەکانی هەر چوار پارچە بکات و دانیشتن و گفتوگۆیان بۆ سازبکات و واباشە نوێنەری زۆربەی هێزەکانی تێدا بێت.

دەبێت کاری ئەم کۆمسیۆنە دروستکردنی پەیوەندی دۆستانە و سەمیمانە لەگەڵ هێزە سیاسییەکان، کە لە کورستان کار دەکەن و لەپاڵ هێزە نیشتمانی، نەتەوەیی، چەپ و شۆڕشگێڕەکانی وڵاتانی دەرەوە بەتایبەت ئەوانەی، کە دۆستی گەلی کوردستانن و هاوکارو هەماهەنگی خەباتی گەلی کورد دەکەن و هەڵوێستی کۆنگرەی نەتەوەیی و بڕیار و راسپاردەکانیان بگەیەنێت و هەڵوێستی دۆستانەیان لەگەڵ نیشانبدات.

ئەم کۆمسیۆنە دەبێت لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە، پەیوەندی دبلۆماسی هەبێت هەرچەندە

ڕەنگە قبوڵی نەکەن، بەڵام دەبێت کۆنگرە ئەوە ڕون بکاتەوە، کە دژی هیچ وڵاتێک نییە، تەنها داکۆکی لە مافەکانی گەلی کورد دەکات، کۆنگرە نوێنەرایەتی خۆی لە ئەوروپا، ئەمەریکا، ڕوسیا و زۆر وڵاتانی تر بکاتەوە، ئەوە نیشانبدات، کە کۆنگرە نوێنەرایەتی هەموو گەلی کورد دەکات و پاڵپشتی سیاسی، ئابوری بۆ کۆنگرە و گەلی کورد کۆبکاتەوە.

کۆمسیۆنی دبلۆماسی دەبێت هەڵگری گوتاری نەتەوەیی بێت و نابێت ئایدۆلۆژیای حزبی بەسەریدا زاڵ بێت، ڕۆڵی سەفارەت و کۆنسوڵخانە بگێرێت لەو وڵاتانە و دۆستی زۆرتر لە ئاستی باڵا بۆ گەلی کورد پەیدا بکات، سەرەڕای ئەوەی کارێکی گرنگی ئەم کۆمسیۆنە و نوێنەرایەتییەکانی گرنگیدانە بە بەرژەوەندی کورد لە ئەوروپا و ئەمەریکا و وڵاتانی دەرەوە، کە ڕێکیانبخات و گوتارو پەیامی کۆنگرەیان پێبگەیەنێت و دانوستایان لەگەڵ بکات بەپێی توانا هاوکاری مادی، سیاسی و فەرهەنگی لێ

وەربگرێت و پەیوەست بن بەم کۆمسیۆنەوە، کە سامانئنێگی گەورەی نەتەوەیین و زیاترن لەچەند ملیۆن هاوڵاتی کورد لە هەر چوار پارچە.

**چوارەم: کۆمسیۆنی راگەیاندن و میدیایی**

راگەیاندن و میدیا کە ئێستا کاریگەری گەورەیان هەیە لەسەر جیهان و کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی، دەتوانێت بۆ کۆنگرەی نەتەوەیی رۆڵێکی یەکجار گەورە بگێڕێت.

دەکرێت کۆمسیۆنی راگەیاندن و میدیا، خەڵکانی راگەیاندنکاری شارەزاو پسپۆڕ و پرۆفیشناڵ لەناو هێزەکان و کۆمەڵگەی کوردستان و زانکۆکان و کەناڵەکانی میدیا کۆبکاتەوە، کە لە رابردوودا دەورو نەقشی گەورەیان هەیە لەم بوارەدا.

کۆمسیۆن لەگەڵ سەرۆکایەتی کۆنگرە دەبێت، هێڵە گشتییەکانی گوتارێکی نەتەوەیی، نیشتمانی، ئازادیخوازانە دابڕێژێت و رەچاوی پێکهاتە ئیتنی و مەزهەبییەکانی ناو کوردستان بکات و رێز لە ئیرادە، فکرو بیروبۆچونە سیاسی و ئاینییەکانیان بگرێت.

دەبێ ئەم کۆمسیۆنە کار لەسەر مێژووی سیاسەت، گوتار، کارەکان و هاوکێشەکانی کورد بکات، پێویستە لایەنە سیاسی، مێژوویی، هونەری، کلتوری، دین، کرێکاری، شۆڕشگێڕی، پەیوەندی، هەماهەنگی مۆسیقاو گۆرانی و ئەدەبیات، بکاتە ئەجێندای بەرنامەکانی.

پێویستە ئەم کۆمسیۆنە پێش هەرشتێک بیر لە دانانی تۆڕێکی میدیایی کوردی بکاتەوە، کە زمانحاڵی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان بێت و پێکبێت لە (تەلەفزیۆن، رادیۆ، رۆژنامە، وێب سایت، گۆڤار، ..... هتد).

جگەلە زمانی کوردی بەرنامەکانی بە زمانی عەرەبی، فارسی، تورکی و ئینگلیزی پەخش بکات و هێزە سیاسییەکانی ئەم تۆڕە پشتگیری بکەن و گرنگی پێبدەن.

کۆمسیۆنی راگەیاندن دەبێت چاپکراوی وەزری تایبەتی هەبێت بۆ رۆشنکردنەوەی سیاسەت و کارەکانی کۆنگرەو راسپاردەو کۆبوونەوەکانی و رێوو شوێنەکانی.

پێویستە پانێڵ، دیبەت، کۆڕو کۆنفرانس سازبکات و بەدوای ڕێگەچارەی شیاو بۆ قەیرانەکانی بگەڕێت و خەڵکانی پسپۆڕی غەیرە کورد بانگهێشت بکات، بۆ ئەم پانێڵ و کۆنفرانسانە.

دەبێت ڕاگەیاندن گوتارێکی ڕوو لە لایەنە دەرەکییەکانی دۆستی کورد بێت.

کاربکات لەسەر زیندووکردنەوەی بەڵگەو نوسراو کتێبە چاپکراوە مێژووییەکانی مێژووی و رابردووی گەلی کورد.

خاڵێکی گرنگ ئەوەیە، ئەم کۆمسیۆنە دەبێت گوتارو بەرنامەو پەخشەکەی بە یەکسانی دابەشبکات بەسەر ئەندامانی کۆنگرەی نەتەوەیی و پارچەکانی کوردستان، نابێت ڕاگەیاندن زمانحاڵی حزبێک، یان کەسێک و پارچەیەک بێت، بەڵکو دەبێت ڕاگەیاندنی گەلی کورد و کۆنگرە بێت، دەبێت تەعبیر بێت لە کلتور، فەرهەنگ، مێژوو، مۆسیقا، گۆرانی و مێژووی هەرکام لەو پارچانە و هەموو هێزەکانی ئەو پارچانە.

# بەشی سێیەم

## کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان بۆ دواکەوت؟

پێشتر چەندینجار بڕیاردرا، کە ئەم کۆنگرەیە سازبکرێت، بەڵام بەهۆی:
**یەکەم:** گرفتی نێوان حزب و هێزەکانی کوردستان.
**دووهەم:** نارەحەتبوون و دروستکردنی کێشەو گرفت لەلایەن تورکیا و ئێرانەوە.
بەڵام ئایا تا ئێستا ئەم دوو مەترسییە ماون؟
بەڵێ، هەردوکیان ماون بەمشێوەیە:

**یەکەم: گرفتی نێوان هێزە کوردستانییەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان:**

پێشتر گرفت هەبووە لەسەرئەوەی کێ کۆنگرە بەڕێوەدەبات، هەریەکە لە (پارتی و یەکەکە) لەوبارەیەوە گرفتیان هەبووە، تەنانەت لەسەر شوێنی بەستنی کۆنگرەکەش گرفت هەبووە، کە ئایا لە هەولێر یان لە ئەوروپا، یان لە سلێمانی بێت، بۆیە دەکرێت گرنگترین گرفتەکانی ناو ئەم هێزانە ئەمانە بێت:

1- له بابه‌تی دواكه‌وتنی هۆكاری به‌ستنی كۆنگره‌، ترسێک لای به‌رپرسانی pkk هه‌یه‌و پێیوابوو "له‌ رابردوودا بۆچونێک هه‌بوو، كه‌ ده‌یویست داوا له‌ pkk بكات خه‌باتی چه‌كداری كۆتایی پێبهێنێت"، كه‌ ئه‌وه‌ له‌وكاته‌داو بۆ ئێستاش كارێكی مه‌حاڵ، دژایه‌تی و ناواقیعییه‌".

2- له‌ رابردوودا قسه‌ له‌سه‌ر ئه‌وه‌ ده‌كرا، كه‌ كام حزبه‌ نوێنه‌رایه‌تی باشور، یان باكور و خۆرهه‌ڵات و خۆرئاوا ده‌كات، به‌ڵام ئێستا كه‌ هه‌موو هێزه‌كان به‌شداری ده‌كه‌ن، ره‌نگه‌ ئه‌و گرفته‌ نه‌مابێت.

3- هێشتا ره‌نگه‌ سێ هێزه‌ زه‌به‌لاحه‌كه‌ی كوردستان، هێزه‌كانی (یه‌كێتی، پارتی، په‌كه‌كه‌) بیانه‌وێت وه‌كو سێ هێزی سه‌ره‌كی هه‌یمه‌نه‌ بكه‌ن به‌سه‌ر كۆنگره‌داو بڕیاره‌كانیشدا، ئه‌مه‌ش له‌لایه‌ن هێزه‌كانی تری پارچه‌كانی تره‌وه‌ نه‌شاردراوه‌ته‌وه‌و باسیان كردووه‌، ئه‌گه‌ر هه‌یمه‌نه‌ی هه‌ر هێزێک له‌سه‌ر كۆنگره‌ بێت، ئه‌وان به‌شداری ناكه‌ن.

4- گرفتێکی تر، کە روو بە کۆنگرەی نەتەوەیی دەبێتەوە وەکو لە کۆبونەوەی یەکەمی ئامادەسازی بۆ کۆنگرەکە، لایەنەکانی خۆرهەڵاتی کوردستان بە توندی پشتگیریان لە خەباتی چەکداری کردو وتیان تەنها ئێمە نین لە کێشەکەدا، بەڵکو لایەنی بەرامبەریش هەیە، کە ئامادەنییە بە ئاشتی کێشەکە چارەسەر بکات بۆ خەباتی چەکداری، ئێمە پێداگری دەکەین و وتیان ئێمە نەهاتووین کۆنگرەی نەتەوەیی مەحرومومان بکات لە خەباتی چەکداری و گەر بۆ ئەو کارە بێت، بەشداری ناکەین.

5- هێزەکانی هەر کام لە پارچەکانی کوردستان لەناو خۆیاندا کێشەو گرفتی سیاسی و ململانێی زۆریان هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو گرفت و ململانێیە نێوانی هێزەکانی پارچەیەک و پارچەیەکی تریشی گرتۆتەوە، واتا گرفتەکە کوردستانییەو هەموو پارچەکانی گرتۆتەوە، واتا هیچ پارچەیەک بێ کێشە نییەو هەموو پارچەکانیش کێشەیان هەیە.

6- بەشداربوون و نەبوونی وڵاتانی داگیرکاری کوردستان لە کۆنگرە وەکو میوان، یەکێکە لە گرفتە سەرەکییەکانی زۆربەی هێزەکانی پارچەکانی کوردستان، کە دەبێت لێکدانەوەی باشتری بۆ بکرێت.

7- گەورەو بچووکی هێزە سیاسییەکان لە هەر چوار پارچە کێشەی گەورەی کۆنگرەیە، پێوەری پێویست وەرنەگیراوە بۆ چارەسەری ئەو کێشەیە، واتا دەبێت بەرپرسیارێتی و ئمتیاز بدرێت بە هەموو هێزەکان.

8- رۆشن و روونبکرێتەوە بۆ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، کە کۆنگرەی نەتەوەیی قۆناغێکی نوێیە لە خەباتی رزگاری گەلی کوردستان و کۆی حزبە سیاسییەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان پابەند دەبن بە بڕیارو راسپاردەکان، دوور لە ئیدۆلۆژی و تەسکی حزبی و پێویستە گەنجان و لاوانی کوردستان و خەڵکی کوردستان پشتیوانی بکەن و رەخنەی لێبگرن و پێشنیاری گەورەی بۆ بکەن.

# تایبەتمەندی و لایەنە پۆزەتیڤ و نێگەتیڤەکانی پارچەکانی کوردستان

هەر بوونی چوار پارچەی کوردستان، بۆ خۆی کێشەیە، هەر هەنگاوێک بنرێت بۆ (کۆنگرەی نەتەوەیی گوتاری یەکگرتووی کوردی، ریفراندۆم، سەربەخۆیی کوردستان .... هتد)، چونکە هەرکام لەو پارچانە دابەشکراونەتە سەر وڵاتێکی داگیرکاری کوردستان (تورکیا، ئێران، عێراق و سوریا) کێشەو گرفتی زۆر بۆ ئەو پارچەیەو بگرە پارچەکانی تریش دروستدەکرێت، بەتایبەتی هەوڵەکانی ئێران و تورکیا بەرچاوترە بۆ دژایەتی کورد، بەتایبەتی کۆنگرەی نەتەوەیی، چونکە دەزانن کۆنگرەی نەتەوەیی، هەنگاوێکی پۆزەتیڤە بۆ نزیکبوونەوەی هێزو لایەنە کوردستانییەکان و یەکگرتوویيان و چونەوە بە گژ سیاسەتی دوژمنکارانەی ئەوان، هەربۆیە چ لە رابردوو، یان لە داهاتوو، رێگری دەکەن لەسەرکەوتنی ئەوکارە.

لەلایەکی ترەوە، هەر ئەو پارچەبوونەی کوردستان جارێکی تر وادەکات بۆ رێکخستن

و یەکگرتوویی گوتاری کوردی و دروستکردنی کۆمسیۆنی جۆراوجۆرو چارەسەری کێشەکان، تایبەتمەندی هەرکام لەو پارچانە لەبەرچاو بگرێت و لەهەمانکاتدا دەبێت بەپێی ئەو تایبەتمەندیانە لایەنی پۆزەتیڤ و نێگەنیڤەکانی رەوشی سیاسی، ئابوری، کۆمەڵایەتی حزب لەبەرچاو بگیرێت، واتا لایەنە باش و خراپەکانی دەستنیشانبکرێت و لەهەرکام لەو پارچانەو لایەنە نێگەتیڤەکان بەهەموو لایەک چاکبکرێت و لایەنە پۆزەتیڤەکانی بکرێتە پێوەر بۆ سازکردنی کۆنگرەو بەدیهێنانی گوتارێکی کوردی یەکگرتوو.

بۆ ئەم مەبەستە هەرکام لەو پارچانە بەجیا باسیدەکەین و تایبەتمەندی و لایەنە پۆزەتیڤ و نێگەتیڤەکانی دەخەینە بەرچاو:

**باشووری کوردستان:** لە چاو پارچەکانی تر تا قۆناغی ڕیفراندۆم لە 9/25 بارودۆخی سیاسی و ئابوری زۆر باشبوو، بەڵام بەهۆی ڕیفراندۆم زۆر پاشەکشەی کردووە و هێندەی جاران وەکو سەنتەری پرسی کورد

نەماوە و مەترسی زۆری لەسەرە، بەتایبەتی وڵاتانی ناوچەیی دەست لە هیچ شێوازێکی دەخالەت ناپارێزن، هێزەکانی (گۆڕان و کۆمەڵ) بەردەوام قاچێکیان لە ناو حکومەت و قاچێکیان لە شەقامە، پێدەچێت لەناو سیاسەتەکانی ئێراندا بخولێنەوە، بەمدواییانە دوو ڕەوتی نوێ دروستبوون (هاوپەیمانی دیموکراسی و دادپەروەری و نەوەی نوێ)، کە لە دوای ڕیفراندۆم زۆرتر دەرکەوتن لە خۆپشاندانەکانی کۆتایی 2017 ویستیان خۆیان وەکو بدیل و ئەڵتەرناتیڤی گۆڕان و کۆمەڵ نیشانبدەن و داوای حکومەتی کاتی و ڕاماڵینی حکومەتی هەرێم بکەن و پەیوەندییەکانی هەرێم و بەغدا، کە لە (2003) هێندە خراپ نەبووە، پارتی هەوڵیدا لە مالیکی و ئێران نزیک بێتەوە و یەکێتیش پشتگیری لە عەبادی بکات.

واتا ململانێی یەکێتی و پارتی بەردەوامە، نە دەتوانن بەیەکەوە شەریک بن، نە دەتوانن

دەست لە یەکیش هەڵگرن و هەردوکیان لە خەمی خستنی ئەویتردایە و ڕووداوەکانی کەرکوکیش هێندەی تر ئەم کێشانەی زەقتر کردەوە و ڕۆڵی خراپی PKK ش لەم ڕووداوانە زۆر سەیر بوو دژی یەکێتی.

واتا دەبێت چەقی کارەکانی کۆنگرەی باشوری کوردستان بێت بەو دەلیلەی پارچەیەکە سەربەخۆیی و دامەزراوەی سیاسی و ئیداری گرنگی هەیە، لە رووی ئەمنیشەوە لەهەرکام لە پارچەکانی تر پارێزراوترە و حکومەتی هەرێمیش ئەرکە ئیداری، ماددی، ئەمنی و رێوو شوێنەکانی دەگرێتە خۆی و سەرەڕای ئەوەی زۆربەی هێزە سیاسییەکانی هەر چوار پارچە بنکەو بارەگای سیاسی و نوێنەرایەتی و کەمپی پێشمەرگایەتیان لە باشور هەیە، لەوەش گرنگتر هەردوو هێزی سەرەکی یەکێتی و پارتی، خۆیان بە خەمخۆری ئەمکارە دەزانن سەرەڕای بۆچوون و تێڕوانینی جیاوازیان.

**باكوری كوردستان:** تایبەتمەندی باكور لەبەرچاو بگرێت، كە خەباتێكی مەدەنی لەو پارچەیە هەیە و (59) ئەندام پەرلەمانی هەدەپە لەناو پەرلەمانن و سەدان رێكخراوی مەدەنی و پیشەیی جۆراوجۆر كاردەكەن، سەرەڕای بوونی فشار و زەختی زۆری ئەنكەرە لەسەر ئەم هێزو رێكخراوانە و زیندانیكردن و گرتن و كوشتنی چالاكانی سیاسی و مەدەنی.

پەیوەندی و كارلێك و پارادۆكسی نێوان خەباتی مەدەنی و سەربازی پەكەكە لە قەندیل، فاكتەرێكی گرنگی باكور دەبێت زۆر بە جدی سەیر بكرێت و نەبێتە مایەی گرفت بۆ كۆنگرەو تێڕوانینی توركیاش كە دیارە ناحەزانەیە، بۆیە دەبێت پەكەكە خەباتی شاخ لە (قەندیل) و خەباتی مەدەنی لە (ئامەد) و خەباتی دبلۆماسی لە (ئەوروپا) باشتر رێكبخات و پابەندبێت بە بڕیارەكانی كۆنگرەوە لەو بارەیەوە.

ئەگەرچی هەركام لەو سێ فاكتەرە، هەریەكێكیان بۆخۆی پاڵپشتی گەورەیە بۆ كارەكانی كۆنگرە، بەڵام رەنگە هەلومەرج و خسوسیات و تایبەتمەندییەكانی باكور لەچاو هەر

سێ پارچەکەی تر جیاوازتر بێت و هەر ئەمەشە ڕەنگە وابکات دژایەتی و دوژمنایەتی ئەنکەرە بۆ کۆنگرە لەهەر کام لەو سێ وڵاتەی تر زۆرتر و پڕ پیلانتر و ناحەزانە تر بێت، واتا لەهەر کام لەو پارچانەی کوردستان، خەباتی سیاسی و سەربازی و مەدەنی بەهێزتر بێت، هەڵوێستی ئەو وڵاتە دوژمنەکارانەتر دێتە بەرچاو بەرامبەر گەلی کورد و کۆنگرەی نەتەوەیی، کە ئەمە ڕێک تورکیایە.

تایبەتمەندیەکی تری باکوور، بوونی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد (KNK) لە برۆکسل، کە لەلایەن پەکەکەوە دامەزراوەو پەکەکە خۆی پێیوایە کۆنگرە نوێنەرایەتی هەموو کورد دەکات و هەموو هێزو سیاسەتەکانی کورد تێیدا بەشدارن، ئەگەرچی وانییە، بەشێک لە هێزەکانی هەر چوار پارچە تا ئێستا نەچوونەتە ژێر چەتری (KNK) و بە کۆنگرەی خۆیانی نازانن و پێیانوایە هەژمونی پەکەکەی بەسەرەوەیە، هەموو بڕیارەکان لەژێر چەتری کۆنسەی سەرۆکایەتی (کەجەکە)و لە قەندیلەوە دەردەچێت، بۆیە باشتر وایە پاش سەرکەوتنی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان، پەکەکە (KNK) بەرەسمی هەڵوەشێنێتەوە.

**رۆژهەڵاتی کوردستان:** یەکجار زۆر تایبەتمەندی هەیە، بەوپێیەی لە ئێران هیچ دەرفەتێک بۆ کاری سیاسی، پەرلەمانی و مەدەنی نییە، بۆیە کۆی گشتی هێزو حزب و سازمانە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان لە تاراوگەن، واتا یان لە باشوری کوردستانن، یان لە ئەوروپان، بۆیە رەنگە بۆچون و تێڕوانینی ئەم پارچەیەو هێزەکانی تەواو جیاواز بێت لە سێ پارچەکەی تر، کە زۆربەی هێزە گەورەکان خاوەنی پێشمەرگەو کەمپی سیاسی و عەسکەرین وەکو خۆشیان دەڵێن "تا ئێستا دەستیان لە خەباتی چەکداری دژی ئێران هەڵنەگرتووە"، تەنانەت جاروبار کێشەو ئاریشە لەسەر سنورەکانی نێوان باشور و ئێران دورست دەبێت و ئێران دەکەوێتە توپبارانی سنورەکانی حکومەتی هەرێم، وەکو هێزە سیاسییەکان خۆشیان دەڵێن "بەردەوام لەبەردەم مەترسی تیرۆر داین لە باشور".

خاڵێکی تر پەیوەندی بە ئینشیقاق و ئینشیعابی بەردەوامی هێزەکانی رۆژهەڵاتەوە هەیە، کە وادەکات گوتارێکی یەکگرتوو بەرەو هێزێکی پێشمەرگەی

یەکگرتوویان نەبێت و لەکاتی کۆنگرەدا، ئاریشە دروستبکات، خاڵێکی تری رۆژهـەڵات بووونی دەخالەتی پەکەکەیە لەو پارچەیە لەلایەن پارتی ژیانی ئازادی کوردستان (پژاک)، کە هێزەکانی تر بە رەسمی نایناسن و بە دروستکراوی پەکەکەی دەزانن و لە کارەکانی کۆنگرەی ساڵی (2013) ئەم گرفتە بە رونی هەستی پێکرا، ئەم فایلە پێویستی بە چارەسەری پێشوەخت هەیە.

کەواتە بوونی هێزگەل، سازمانی زۆرو زەوەندەی سیاسی لە رۆژهەڵات، کە ئێران بە هەڕەشەیان دەزانێن بۆ سەر خۆی، وابکات ئێران دوای تورکیا، زۆرترین فشار بخاتە سەر حکومەتی هەرێم و کۆنگرەی نەتەوەیی، کە گرفت بۆ ئەم هێزانە دروستبکرێت.

**رۆژئاوای کوردستان:** پارچەیەکی ترە، کە هەڵگری ئاریشەو گرفتی زۆرەو خاوەنی تایبەتمەندی خۆیەتی، لە بابەتی ئـەوەی رۆژئـاوا لە دوای رووداوەکانی بەهاری عەرەبی لە (2011) بۆتە خاوەنی حکومەتێکی خۆسەری و کانتۆنەکان، بەڵام هەڵگری چەند خەسڵەتی تایبەتە:

**یەکەم:** پەیوەندییەکانی لەگەڵ سوریا بە هەڵواسراوی ماوەتەوە، ئایندەی ئێستای ئەم پارچەیە زۆر روون نییە، بەڵام دەستکەوتێکی گەورەیە، تورکیا لە سوریا زۆرتر بە مەترسی دەزانێت و لە دژایەتیکردنیشی درێخی نەکردووە، بەردەوامیش دەبێت و تەنانەت چەندین تنازولی کردووە بۆ سوریا، ئێران و روسیا، لە بەرامبەر دەست هەڵگرتنیان لە پشتیوانی کانتۆنەکانی رۆژئاوا، یان (پەیەدە) وەکو ئەنکەرە دەڵێ "تیرۆریست"، ئەمەش وادەکات تورکیا دژایەتی زۆرتری کۆنگرەی نەتەوەیی بکات بەهۆی بەشداری کاریگەری پەیەدە، کە زۆربەی کورسییەکانی رۆژئاوا لە کۆنگرەی نەتەوەیی کۆنترۆڵ دەکات.

**دووەم:** بوونی هەژمونی پەکەکە بەسەر خۆرئاواوە، وایکردووە سەرەڕای نیگەرانی تورکیا، ململانێی گەورەشی لەگەڵ پارتی هەبێت، کە هاوسنورن و تەنانەت لە چەند ساڵی رابردوودا، هەست بە شەڕێکی میدیایی توندی نێوان ئەم دوو پارچەیەو پارتی و پەکەکەو

پەیەدە بکرێت لەبەرامبەردا، پارتی پەیەدە بە تاکڕەو ناودەبات و ڕێگا نادات هێزەکانی سەر بە (ئەنەکەسە)، کە دۆستی پارتین کارو خەبات بکەن لە ڕۆژئـاواو پێدەچێت بەردەوامی ئەم ڕەوشە، شەڕێکی ناوخۆ لە ڕۆژئاوا ڕووبدات و پارتی و تورکیاش پشتیوانی (ئەنەکەسە) بکەن.

**سێیەم:** پەیەدە هەموو دەزگاو دامەزراوەکانی ڕۆژئاوای کۆنترۆڵکردووەو زۆربەی هێزەکانی تر پەیەدە بە تاکڕەو تۆمەتبار دەکەن و پێیانوایە ئـەوە سیاسەتی پەکەکەیەو دوژمـنداری ئەو هێزانەیە، بەتایبەتی (ئەنەکەسە) پێیوایە بەعسی سوریا لە پەیەدە باشترە.

**چوارەم:** جگەلە باشور، ڕۆژئاوای کوردستان، توشی شەڕێکی سەخت و دژوار هاتووە لەگەڵ گروپی تیرۆریستی داعش و قوربانی زۆریان داوە وایـکـردوە لەلایەن ئەمەریکاو ئێرانەوە پشتیوانی زۆر بکرێت و لـەپـاڵ هێزەکانی سوریای دیموکرات و (مەسەدە) و (یەپەگە) و (یەپەژە).

# یەکەم:
# باشوری کوردستان

باشور رەنگە بە حوکمی پێگەی سیاسی و تارادەیەکی زۆری سەربەخۆیی و بوونی حکومەتێکی دیفاکتۆو بونیادنانی هێزی پێشمەرگە و فیدراڵی هەرێمی کوردستان، تارادەیەک جیاواز بێت لە پارچەکانی تر، هەربۆیە رەنگە هەندێکجار هێزە گەورەکانی باشور (یەکێتی و پارتی) وا دەبینرێت، کە دەیانەوێت هەیمەنەو هەژموونی زۆرتر بکەن بەسەر کۆنگرەی نەتەوەیی و داوای ئیمتیازی زۆرتر بکەن، یان وەکو ماڵی یەکەمی هێزەکان سەیر بکرێت، واتا باشوری کوردستان سەبارەت بە کۆنگرەی نەتەوەیی چەندین لایەنی پۆزەتیف و نێگەتیڤی هەیە، کە ئەمانەن:

**یەکەم:** باشوری کوردستان و هێزە سیاسییەکانی بەتایبەتی (ی.ن.ک، پ.د.ک) نابێت (شوێن) باشور، بە مەبەستی تەسکی حزبایەتی و بۆ کاری دیبلۆماسی خۆیان و بە قازانجی خۆیان بەکاربێنن.

**دووهەم:** کۆنگرەی نەتەوەیی، نابێت بکەوێتە ژێر هەژمونی یەکێتی، یان پارتی و خۆیانی بەسەردا بسەپێنن، بەڵکو دەبێت وەڵامی پێداویستییەکانی گەلی کوردستان بداتەوە، واتا نابێت روحی پاوانخوازی، قۆرخکردن بەسەر کۆنگرەدا زاڵ بێت.

**سێیەم:** باشور نابێت، پێگەی کۆنگرەی نەتەوەیی، وەکو ئامرازێکی دیبلۆماسی هەرێم لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ بەکاربهێنێت، واتا بە قازانجی دوو لایەنی هەرێم و ئەو وڵاتانە بچێتە پێش، بەڵکو دەبێ بۆ یەکڕیزی مافەکانی گەلی کوردستانی هەر چوار پارچە بێت.

**چوارەم:** هێزەکانی باشور نابێت خۆیان وەکو حزبی دایک نیشانبدەن و باس لە مەسەلەی ئاشتی بەشێوەیەک بکەن، کە داواکاریە بۆ هێزەکانی پارچەکانی تر، بەڵکو پێویستە پێشنیار بێت، گەر دەرفەت هەبوو (چونکە لە رابردوودا، داواکاری وەها بە داماڵینی چەک هاتبوو، نیگەرانی دروستکرد بوو).

**پێنجەم:** یەکێتی و پارتی (حکومەتی هەرێم) باشور نابێت لەبەرئەوەی میوانداری کۆنگرە دەکات، بێ خواستی هێزەکانی تر بانگهێشتی (ئێران، تورکیا، سوریا) بکات، چونکە ئەوە دەبێتە تێکدانی کۆنگرەی نەتەوەیی.

**شەشەم:** ئەو پێشنیارەی باشور هەڵە بوو، کە داوایکرد (35%) ئەندامانی کۆنگرە، ئەندامانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بن، کە ڕۆژهەڵات دەرفەتی وەهای نییە ئەوە لە خۆی نیشانبدا.

**حەوتەم:** گیروگرفتە ناوخۆییەکانی باشوری کوردستان، وەک ململانێی پارتی و چوار لایەنی تر، یان (پارتی و گۆڕان) پەکخستنی پەرلەمان، قەیرانی دارایی، بێ موچەیی، شەڕی داعش و گرفتی زۆرتر، بێگومان لە ئێستادا ناتوانێت کۆنگرەکە سەرکەوتوو بێت، گەر ئەم قەیرانانە چارەسەر نەکات.

**هەشتەم:** بوونی هێزەکانی تورکیا لە سنورەکانی حکومەتی هەرێم، گرفێتکی

گەورەیەو کۆنگرەی نەتەوەیی توشی گرفت دەکات، ئەوە لە کاتێکدا باسی هێرش بۆسەر هێزەکانی HPG و یەپەشە دەکرێت لە شنگال و پەیوەندییەکانی PKK و PDK لەوپەڕی خراپی خۆیدایە.

**نۆیەم:** خاڵێکی گرنگ کە رووی نێگەتیڤی کۆنگرەی نەتەوەیی دەبێت، غیابی (مام جەلال)ە، کە بە یەکێک لە ئەندازیارانی بەرەی کوردستانی دادەنرێت لەپاڵ (شەهید د.قاسملۆ لە رۆژهەلات، عەبدوڵڵا ئۆجەلان لە باکور).

**دەیەم:** گرفتی سەرەکی PDK لەگەڵ زۆری لایەنەکانی باشور، رۆژئاواو باکور، فاکتەرێکی فرە نێگەتیڤە کە یارمەتی بەستن و سەرکەوتنی کۆنگرە نادات، بۆیە دەبێت پێشتر پەیوەندییەکانی ئاسایی بکاتەوەو دەست لەو بۆچونە هەڵبگرن لەگەڵ (PKK) کە سەرۆکایەتی کۆنگرە بۆ خۆیان قۆرخ بکەن.

**یانزەیەم:** باشور و هێزەکانی دەبێت، گەر بیانەوێت کۆنگرە سەرکەوتوو بێت، یارمەتی

هێزەکانی تری پارچەکان بدەن، کە بارودۆخی سیاسی و ئابوورییان باش نییە، بەمە کۆنگرە سەرکەوتوو دەبێت.

**دوانزەیەم:** کۆنگرەی نەتەوەیی پێویستە مەترسییەکانی سەر باشور باش لێکبداتەوە لە بابەتی (شەڕی داعش، مەترسی گروپە ئیسلامی – رادیکاڵ و فەندەفێنتاڵەکان، ململانێی شیعی – سوننی، مەترسی داهاتووی حەشدی شەعبی لەسەر هەرێم، مەترسی سەرهەڵدانەوەی شەڕو قەیرانی نێوان باشورو بەغدا لەسەر ناوچە جێناکۆکەکان بەتایبەت لەگەڵ حەشدی شەعبی).

**سیانزەیەم:** تێوەگلانی هەرێمی کوردستان لە جەمسەربەندی و ململانێی بلۆکی شیعی و سوننی (ئێران و تورکیا) لەنێوان ناوچەی سەوزو زەرد زیانی زۆر دەگەیەنێت بە رەوشی باشور پەیوەندی لەگەڵ هێزە کوردستانییەکان و کۆنگرەی نەتەوەیی.

**چواردەیەم:** باشور نابێت مەلەسەی ریفراندۆم و سەربەخۆیی بکاتە کارتی فشار

لەگەڵ بەغدا، هێندەی دەبێت ئەزمونی سودان و باشوری سودان دوپاتکاتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ریفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستان پێویستی بە پشتیوانی هەموو هێزەکانی تر هەیە، کە مەسەلەیەکی چارەنوسسازو گرنگە.

**پانزەیەم:** پارتی نابێت مەسەلەی ریفراندۆم و سەربەخۆیی وەکو کارتی بانگەشەی سیاسی، هەڵبژاردن بەکاربهێنێت و خەڵکی کوردستان بۆ سازنەکرێت و بارودۆخی ناوچەیی و نێودەوڵەتی و ناخۆیی لەبەرچاو نەگرێت.

**شانزەیەم:** حکومەتی هەرێمی کوردستان بەتایبەتی پارتی نابێت لە هەوڵ بەرتەسککردنەوەی سنورەکانی ئازادیدا بێت و تیرۆری رۆژنامەنوسان مەترسیەکی جدی هەرێمی کوردستانە.

**حەڤدەیەم:** حکومەتی هەرێم دەبێت پەیوەندییەکانی لەگەڵ بەغدا ئاسایی بکاتەوەو مەسەلەی نەوت، بوودجەو مووچەی هێزی پێشمەرگە رێکبخاتەوە.

**هەژدەیەم:** بوونی نزیکەی 40 کۆنسوڵگەری وڵاتــــان لــە هــەولــێــر، یــارمــەتــیــدەرە بۆ روونکردنەوەی بارودۆخی سیاسی کوردی باشور و پیشتیوانکردنیان.

**نۆزدەیەم:** بوونی دەیان کۆمپانیای نەوتی گــەورەو ســەدان کۆمپانیای وڵاتـانـی بیانی یارمەتیدەرن بۆ روونکردنەوەی بارودۆخی کورد و کۆنگرەی نەتەوەیی.

**بیستەم:** شەڕی راگەیاندنی نێوان لایەنەکانی باشور بەتایبەتی پارتی و گۆڕان و پەکەکە، کۆتایی پێبێت، ئەگەرنا کاریگەری نێگەتیڤی دەبێت لەسەر کۆنگرە.

**بیست و یەکەم:** باشوری کوردستان گەر گرفتە سیاسی و ئابوریەکانی (خراپی ژیان و گوزەرانی خـەڵک، بـوودجـە و مـووچـە و بـژێـوی ژیـان، ناعەدالەتی و ناشەفافی و کەیسی نەوت ...هتد) چارەسەر نەکات، لەبەردەم مەترسی گەورەدایە، کە لەڕاستیدا دەبوو زووتـر چارەسەریان بۆ بدۆزرێتەوە، لەم حاڵەدا کۆنگرەی نەتەوەییش ناتوانێت لە کارەکانی سەرکەوتوو بێت.

**بیست و دووەم:** دەرکەوتنی هێزی نوێ وەک (هاوپەیمانی بۆ دیموکراسی و دادپەروەری و جوڵانەوەی نەوەی نوێ) لە 2018 دا و دەرکەوتنی حزب و ڕەوتی نوێ، مانای گرفت لە حزبی کوردی هەیە، گرفت لە پرۆسەی سیاسی هەیە و ئەمەش وادەکات ململانێکانی باشور سەختتر بێت، گەر کۆنگرەی نەتەوەیی چارەسەری بۆ نەدۆزێتەوە. لە لایەکی دیکەوە دەبێت ئەم هێزە تازانە بەڕەسمی بناسرێن و مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت و لە ڕێگەی سندوقی هەڵبراژدنەوە خۆیان و پێگەی خۆیان بزانن، تا لە دروستکردنی کێشە و ئاریشە دوور بکەونەوە.

**بیست و سێیەم:** تادێت دەستتێوەردانی وڵاتانی ناوچەیی لە باشور زیاتر دەبێت، بەتایبەتی دوای پرسی ڕیفراندۆم لە 2017/9/25 و پشت تێکردنی ئەمەریکا و خۆرئاوا، لەم دۆخەدا بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی گەلێک گرنگە. هەروەها دەبێت سنورێک بۆ دەستتێوەردانی پەکەکە لە کاروباری باشووری کوردستان

دابنرێت، کە لە کۆتایی 2017 زۆرتر هەستی پێدەکرێت و زۆریش مەترسیدارە.

**بیست و چوارەم:** پاش وازهێنانی بارزانی لە پۆستی سەرۆکی هەرێم، کۆتایی بەم پۆستە و ئەو هەموو دەسەڵاتە بهێندرێت، کە پێیدرابوو، جارێکی تر ئەم مۆدێلە دووبارە نەکرێتەوە لە کوردستان.

**بیست و پێنجەم:** کۆنگرەیەکی نیشتمانی بۆ باشور ببەسترێت و کۆتایی بەو هەموو کێشە و ململانێیە بێت، کە خەڵکی کوردستانی تەواو هیلاک کردووە.

# بیۆگرافیای هێزەکانی
# باشوری کوردستان

1- یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەلایەن جەلال تاڵەبانی لە 1975/6/1 دامـــەزراوە، هـەر خۆی سکرتێری گشتی بـوو، (تـا پـاش کۆچکردنی لە 2017).

2- پارتی دیموکراتی کوردستان لەلایەن مستەفا بارزانی لەساڵی 1946/8/16 دامـەزراوە، ئێستا مەسعود بارزانی سەرۆکییەتی.

3- بزوتنەوەی گۆڕان لەلایەن نەوشیروان مستەفا لە ساڵی 2007 دامەزراوە و ئێستا (عومەری سەید عەلی) ڕێکخەرییەتی.

4- یەکگرتووی ئیسلامی کـوردسـتـان لەلایەن سـەلاحـەدیـن بـەهـادیـن دامـــــەزراوە لـە ساڵی 1994/2/6.

5- کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان لەلایەن عەلی باپیر دامەزراوە لە ساڵی (2001) .

6- بـزوتـنـەوەی ئیسلامی کـوردسـتـان لەلایەن عوسمان عەبدولعەزیز دامەزراوە لە ساڵی (1987)، ئێستا عیرفان عەلی عەبدولعەزیز ڕێکخەرییەتی.

7- حزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان

لەلایەن سەید ساڵح یوسفی ساڵی 1976/8/8 دامەزراوەو لە ی.ن.ک جیابۆتەوە، ئێستا محەمەد حاجی مەحمود سکرتێریەتی.

8- حزبی شیوعی کوردستان: لە حزبی شیوعی عێراق جیابۆتەوەو لەلایەن عەزیز محەمەد دامەزراوە لە 1993/6/30، ئێستا د.کاوە مەحمود سکرتێریەتی.

9- حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان لەلایەن قادر عەزیز دامەزراوەو لە 1985/12/12 لە حزبی سۆسیالیست جیابۆتەوە، ئێستا بەڵێن عەبدوڵڵا سکرتێریەتی.

10- حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان، کە باڵی کوردستانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق بووە پێشتر کە لە ساڵی 2008 دامەزراوەو سکرتێرەکەی عوسمانی حاجی مارف (ئەمجەد غەفور)ە.

11- پارتی کرێکاران و رەنجدەرانی کوردستان، دوای راپەڕین لە ساڵی 1995 دامەزراوەو باپیر کامەلا سکرتێریەتی.

12- پارتی نەتەوەیی کوردستان دوای راپەڕین لە 1995/3/21 دروستبووەو جەبار میرزا رۆستەمی سکرتێریەتی.

13- بزوتنەوەی دیموکراتی گەلی کوردستان لە 1995/8/25 دامەزراوەو خدر روسی سکرتێریەتی.

14- پارتی پارێزگارانی کوردستان لە 1991/9/4 دامەزراوەو ئێستا نەجات سورچی سکرتێریەتی.

15- پارتی پارێزگارانی دیموکراتی کوردستان لە 1991/9/4 دامەزراوەو لە لەپارتی پارێزگاران جیابۆتەوەو عومەر ئاغای سورچی سکرتێریەتی.

16- حزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان - رەوتی چاکسازی لە 2014/6/20 لە (حسدک) جیابۆتەوە.

17- پارتی پێشکەوتنخوازی دیموکراتی کوردستان - عێراق، لە ساڵی 1999 دامەزراوەو قادر شوانی سکرتێریەتی.

18- تەڤگەری ئازادی کۆمەڵگەی کوردستان لە

2014/10/17 دامــەزراوەو محەمەد عەبدول و شیلان شاکری هاوسەرۆکن.

19- بــزوتــنــەوەی دیـمـوکـراتـی ئـاشـوری لە 1982/4/15 دامــەزراوەو، یونادم یوسف کەنا سکرتێریەتی.

20- بزاڤی چاکسازی و گەشە لە 2013/1/30 دامەزراوەو محەمەد بازیانی سکرتێریەتی.

21- بزوتنەوەی ئاشتیخوازانی کوردستان لە 2001/1/8 دامەزراوەو شێخ عەلی سکرتێریەتی.

22- حزبی رزگاری کوردستان لە 1994/1/27 دامەزراوەو رێکار ئەحمەد سکرتێریەتی.

23- پارتی سەربەخۆیی کوردستان لە دەیەی دوو هەزار دامەزراوە، ئیبراهیم ئیسماعیل سکرتێریەتی.

24- حزبی ئایندەی کوردستان لە 1985/12/12 دامەزراوە، کە لەپێشتردا ناوی حزبی زەحمەتکێشان بووەو لە ساڵی 2009 دەبێتە ئایندەو قادر عەزیز سکرتێری بـووەو لە 2016/8/10 دەچێنە ناو ریزەکانی ی.ن.ک.

25- یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان لە

1995/3/21 دامـەزراوەو دواتـر باڵی لایەنگری پارتی و پەکەکە ئینشیقاقی تێدەکەوێت و ئێستا غەفور مەخموری سکرتێریەتی.

26- بەرەی دیموکراسیی گەل. کە (محەمەد کیانی) بەرپرسی دەستـەی سـەرۆکایەتییە و لە ساڵی 2016 دامەزراوە.

27- هاوپەیمانی بۆ دیموکراسی و دادپەروەری لـە سـاڵی 2017 دامـــەزراوە و بـەرهـەم سالح سەرۆکییەتی.

28- جوڵانەوەی نـەوەی نوێ لە ساڵی 2017 دامەزراوە و شاسوار عەبدولواحید سەرۆکییەتی.

29 - حزبی شیوعی عێراق، کە لەلایەن یوسف سلمان یوسف (هـاوڕێ فەهد) لە سـاڵی 1934 دامەزراوە و ئێستا رائید فەهمی سکرتێریەتی.

30 - حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق لە ساڵی 1993 دامەزراوە و موئەیەد ئەحمەد سکرتێریەتی.

31 - بەرەی تورکمانی لە ساڵی 1995 دامەزراوە و ئەرشەد ساڵحی سەرۆکییەتی.

32 - حزبی ابناء النهرين

# دووەم:
# باكوری كوردستان

باکور وەکو یەکەم پارچەی گەورەی کوردستان ڕۆڵی گەورە لە سیاسەتی کوردستان و لە کۆنگرەی نەتەوەییدا گرنگە، کە زۆرتر لە پارتی کرێکارانی کوردستان PKK خۆی بەرجەستە دەکات، بەڵام هێزی تریش هەن دەکرێت بەشداربن لە کۆنگرەی نەتەوەیی.

باکور لە ئێستادا بە قۆناغێکی سەخت و دژواردا تێپەڕ دەبێت، کە پێویستی بە لەسەر وەستانی زۆرتر هەیە.

**یەکەم:** پرۆسەی ئاشتی پاشەکشەی کردووە، جەنگ و شەڕێکی سەخت لەنێوان ئەنکەرەو قەندیل بەڕێوەدەچێت، کە مەترسی گەورە بوونی لێدەکرێت، بۆیە کۆنگرەی نەتەوەیی و یەکێک لە کارەکانی دۆزینەوەی چارەسەر یان پشتگیری خەباتی ڕەوای باکورە.

**دووهەم:** شەڕی باکور بیانووی داوەتە ئەنکەرە بۆ قەتڵ و عامی باکورو ڕەشبگیری هاوسەرۆکان و سەرکردەکانی HDP و زیندانیکردنیان، ئەمەش خەباتی باکور قورسترو پڕ قەیران و کێشەتر دەکات.

**سێیەم:** (PKK)ش پێویستە واز لەو بۆچونە بهێنێت، کە دەبێ هەژموونی تەواوی بەسەر کۆنگرەی نەتەوەییدا هەبێت، بەڵکو دەبێت بۆ سەرخستنی کارەکانی کۆنگرە نەرم و نیانی زۆرتر بنوێنێت.

**چــوارەم:** PKKش دەبـێـت، پێش بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی، کێشەکانی خۆی لەگەڵ پارتی بە ئاشتی چارەسەر بکات و دەستبدەنە دیالۆگ، ئەگەرنا کاریگەری خراپی بەسەر کۆنگرەی نەتەوەییەوە دەبـێـت و دەبێتە گواستنەوەی کێشەکانی ( PKKو پارتی)، یان باکورو باشور بۆ ناو کۆنگرە.

**پێنجەم:** PKK دەبێت واز لە سیاسەتی هەموو شت بۆ من، هەموو شت PKKیە بهێنێت، چ لەسەر ئاستی باکورو رۆژئاواو رۆژهەلات، چونکە وتاردانی ئایدۆلۆژی مجرد، سەرکەوتوو نابێت.

**شەشەم:** باکور لایەنی بەهێزی، کوردستانی کۆنگرەی نەتەوەییە، بەلام تورکیا دوژمنی پلە یەکی کوردستان و هێزەکان و کۆنگرەی نەتەوەییە، دەبێ هێزەکان و بەتایبەت پارتی ئەمە بزانێت.

**حەوتەم:** PKK و هێزەکانی تریش دەبێت بۆ مەسەلەی بەرژەوەندی نەتەوەیی، حساب لە گەورەو بچوکی هێزەکان نەکەن، بەڵکو بەرژەوەندییە نیشتمانییەکان، کە کۆنگرەی نەتەوەییە بڕیاری لێدەدات.

**هەشتەم:** غیابی عەبدوڵڵا ئۆجەلان، کاریگەری نێگەتیڤی دەبێت لەسەر کۆنگرەی نەتەوەیی، هاوشێوەی غیابی مام جەلال.

**نۆیەم:** پەکەکە، راستە نوێنەرایەتی ئەکسەریەتی گەلی باکور دەکات، بەڵام دەبێت ئازادی زۆرتر بدات بە هێزەکانی ناو تورکیا بەتایبەت هەدەپە.

**دەیەم:** گواستنەوەی خەباتی چەکداری بۆ ناو شارەکان، لە ساڵی 2016 کارێکی هەڵەو سیاسەتێکی راست نەبوو، چونکە دەستی ئەنکەرەی ئاوەڵاکرد بۆ تێکەڵاوکردنی خەباتی چەکداری و خەباتی خەڵکی سڤیل بەناوی تیرۆر، کە نابێت دوبارە بکرێتەوە.

**یانزەیەم:** پشتیوانی باکور بکرێت بۆ دەرهێنانی پەکەکە لە لیستی تیرۆری نێودەوڵەتی و ئازادکردنی ئۆجەلان لە زیندان.

**دوانزەیەم:** هەلوومەرجێک هەیە لە باکور بۆ خەباتی مەدەنی و پەرلەمان، گەر لەژێر مەترسی و هەڕەشەشدا بێت، دەبێت سوود لەم بارودۆخە وەربگرێت و ڕێگا نەدرێت بە یەکجاری لەبار بچێت.

**سیانزەیەم:** تێڕوانینی ئەوروپاو ئەمەریکا دژی خەباتی چەکداری پەکەکەیە، بەڵام پشتیوانییە لە خەباتی مەدەنی کوردەکان، دەبێ سوود لەم لایەنە وەربگرێت.

**چواردەیەم:** پەکەکەو لایەنەکانی تری پارچەکانی تریش، نابێ پەیوەندییان لەگەڵ وڵاتانی داگیرکاری کوردستان لەسەر حسابی پارچەکانی تری کوردستان بێت و هەموو ڕەوایەتییەک بدەن بەو پەیوەندییانە، واتا نابێ پەیوەندی پەکەکە لەگەڵ ئێران نابێ لەسەر حسابی کوردەکانی ئێران بێت و پارتی لەگەڵ تورکیا لەسەر حسابی پەکەکەو باکور بێت.

**پانزەیەم:** بوونی میدیایەکی زەبەلاحی پەکەکە، کە نزیکەی 10 کەناڵی سەتەلایتی هەیە، یارمەتیدەری باشە بۆ پشتیوانی لە گوتاری یەکگرتووی کوردی و کارەکانی کۆنگرەی نەتەوەیی.

**شانزەیەم:** دبلۆماسیەتی بەربڵاوی پەکەکە، فاکتەرێکی باشە بۆ یارمەتیدانی کۆنگرەی نەتەوەیی.

**حەڤدەیەم:** پەکەکە هێزێکی چەکداری راهێنراوی هەیە (هێزەکانی پاراستنی گەل – HPG)، دەکرێت سود لە توانای ئینسان و خەباتی گەریلای ئەو وەربگرێت بۆ پشتیوانی پارچەکانی تری کوردستان و جێبەجێکردنی (سوپای رزگاری گەلی کوردستان).

**هەژدەیەم:** پەکەکە دەبێت دوای سەرکەوتن و بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان، بەرەسمی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد (KNK) لە برۆکسل هەڵوەشێنێتەوە.

# بیۆگرافیای هێزەکانی باکوری کوردستان:

1- هەڵۆکانی ئازادی کوردستان (Teyrênbazê Azadiya Kurdistan) ، پارتێکی یاساغ و چەکدارو چالاکە لە کوردستانی تورکیاو بنکەی سەرەکی لە قەندیلدایە لە 29 ی ئەیلولی 2004 دامەزراوە ، باهۆز ئەردال رێبەری پارتەکەیەو لە رووی ئایدیۆلۆژییەوە پارتێکی نەتەوەیی کوردییە و چەندین چالاکی لە تورکیا ئەنجامداوە لەوانە تەقینەوەکەی مانگی دووی 2016 ئەنکەرە. ئەم پارەتە خۆی بە پارتێکی جودا لە پەکەکە دەناسێنێت و ئامانجی دەوڵەتی نەتەوەیی کوردییەو بە دەیان هەڵسوڕاو و چالاکی هەیەو تورکیا وەک پارتێکی تێرۆریست بە فەرمی ناساندوویەتی. لۆگۆکەی نەخشەیەکی کوردستانی گەورەیە بە رەنگی سورو وێنەی هەڵۆیەکی فڕیو لەنێویدایە. کورتکراوەی ناوی حزبەکەیش بە (تاک) ناسراوە.

2- حزبوڵڵای تورکی رێکخراوێکی کوردی سوننی چەکدارە لە تورکیاو لەسەر بنەمای نەیارێتیو دژایەتی پەکەکە لە ساڵی 1979

لە شـاری باتمان لـەلایـەن حسێن وەلـی ئۆغلۆ دامــەزرا. زیـاتـر چالاکییەکانیان لـە باشـووری رۆژهـەڵاتـی تورکیادایەو مژوڵی وانەوتنەوەی ئاینی و خوێندنەوەی قورئانن بە زارۆیانی ئاوایی نشینەکانی کوردستان. لە ساڵی 1981 تاوەکو 1990 بەناوی بزووتنەوەی یەکبوونەوە کاری کرد و زیاتر قورسایی خۆی لە دیاربەکردا دەبینییەوە. دیارترین پارتێکی کـوردی کە رژێمی تورکیا دژ بە بزووتنەوەی نەتەوەیی کـورد بەتایبەتی پەکەکە بەکاریهێنا بریتی بـوو لـە (حـزبـوڵـلا). تورکیا بەپێی نەخشە نهێنییەکانی ساڵی(1983)ز لەلایەن (حسێن وەلی ئۆغلو)و راستەوخۆ لەلایەن ئەفسەری ئاسایشی تورکیی (قورقوت ئەیکین)ەوە سەرپەرشتی دەکرا. ئەمانە گروپی چەکدارییان لـەشـارە کوردییەکاندا دروسـتکـردو بەئاشکرا مەشقیان دەکـردو ئەدەبیاتی ئیسلامیو سیمای ئیسلامی ژنانیان ببوویە دیاردەیەک لەناو ناوچە کوردییەکاندا. ئەم پارتە بۆ رووبەرووبوونەوەی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردو روناکبیرو نوسەرو خۆنەوارەکانی کـورد دروستکرابوو، بۆ نمونە

له سێپتەمبەری(1992) ز نوسەری گەورەی کورد (موسا عەنتەر)یان تیرۆر کرد. لە(1991) تا(1995)ز زیاتر لە(500) ئەندامو لایەنگری پەکەکەیان تیرۆر کرد.

بەگوێرەی راپۆرتەکان (17) هەزار هاوڵاتی کورد بەدەستی ئەم رێکخراوە تیرۆر کراون. لە پاش کوژرانی ئۆغلۆ، (عیسا ئاڵتسۆی) کە کوردێکی باکورە بووە رێبەری پارتەکە. دەوڵەت هەرهێند کاری بەم رێکخراوە بوو تا بوویە مەترسی بۆ خودی دەوڵەتیش، ئیدی لە (2000)ز بەدوواوە کەوتە بچوککردنەوەی پارتەکەو لەناوبردنیی، بەڵام لە (2011)ز بەدوواوە حکومەتی (دادو گەشەپێدان) زۆربەیانی ئازادکرد. حزب الله ساڵی 2000 سەرۆکەکەی کە حسێن ئۆغلو بو کوژرا، دواتر بڕیاریاندا پارتی بانگەوازی ئازاد دابمەزرێنن کە باڵی مەنزلی حزبەکە دایمەزراند لە ساڵی 2013 دا کورتکراوەی ئەم ناوە دەبێت بە هودا باری تورکی. ئەم پارتە لە دووایین هەڵبژاردنی تورکیادا بەشداری کردو دەنگی پێویستی نەهێنا.

3- پارتی گەلانی دیموکرات (هەدەپە) لە 15ی

ئۆکتۆبەری 2012 دامەزراوە، حزبێکی چەپی سیاسی مۆڵەتپێدراوی تورکیایەو پێی وایە بۆ هەموو پێکهاتەکانی تورکیا خەبات دەکاو رێبەرو لایەنگرانی کوردن.

رێبەری پارتەکە سەرکردەی لاو سەلاحەدین دەمیرتاشە کە هاوسەرۆکەو ئێستا لە زینداندایە، چونکە پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە) توانی بەربەستی 10%ی هەڵبژاردنەکان تێک بشکێنێتو بە پشتیوانی هەردوو هەوادارانی کوردو چەپگەراکان توانی 13.1%ی کۆی دەنگەکانی تورکیا پێکبهێنێت. لەبەر ئەوە بردنەوە مێژوویەکەی کورد ، بووە مایەی دەهری بوونی ئەردۆگان. چونکە پارتی دادو گەشەپێدان (ئەکەپە) یان دەبوو لەتەک پارتی گەلی کۆماری (جەهەپە) یاخۆ دەبوو لەتەک هەدەپەو پارتی کاری ناسیۆنالیستیی تورکیا مەهەپە دا هاوپەیمانی بکات بۆ پێکەوە نانی کابینەی حکومەت یان دەبوو داوا بکات هەڵبژاردنی پێشوەخت رابگەیەننەوە، ئەوەبوو هیچ هاوپەیمانییەک چێ نەبوو، ناچار بڕیاردرا لە یەکی نۆڤەمبەری هەمان ساڵدا سەرلەنوێ هەڵبژاردن بکرێتەوە .

4- پارتی سۆسیالیستی کوردستانی تورکیا (پ.س.ک)، لە کۆتایی ساڵی 1974دا، وەک یەکەم پارتی سەربەخۆی کوردیی بەشێوەیەکی نهێنی لە ئەنکەرە دامەزرا .

یەکەم گردبوونەوەیان لە ماڵی (زیائاکار) بوو، دامەزرێنەران بریتی بوون لە: ئیحسان ئاکسۆی ، فارۆق ئاراس، یەڵماز شامیلبل ، نەزیفی خەلیلی ، مەهدی زانا، زیا ئاکار، کەمال بۆرقای. لە یەکەم دانیشتندا کەمال بۆرقای بە سکرتێری گشتی دیاریکرا.

پ.س.ک پارتێکی شلڕەوی دوو لە توندوتیژی بوو، لە تێکۆشانی دێموکراسیدا ناسنامەی رامیاریی خۆی شانبەشانی چەپی تورکیی لە تورکیا دەبینیەوە ، لە مێژووی تورکیا دا یەکەم پارتی کورد بوو کە بەشێوەیەکی ئاشکرا خۆی وەک پارتێکی کۆمۆنیست ڕادەگەیاندو تێزی داگیرکردنی کوردستانی خستبووە کارنامەی گروپە سیاسییە چەپڕەوەکانی کوردو تورکەوە . لە تێکۆشاندا بەهیچ جۆرێک بڕوای بە خەباتی چەکداری نەبوو. پ.س.ک لە کۆدەتای 1980 دا

تەواوی ڕێکخستنەکانی لە باکووری کوردستان ڕاگیران‌و سەرکردایەتی سیاسیی پارتەکەیش بڕیاریاندا ڕووبکەنە ڕۆژهەلاتی کوردستان. ئێستەیش لە ئەورووپاو باشوری کوردستانن و مەسعود تەک سکرتێریانەو لە ساڵی (2016) کەمال بۆرکای ڕێبەری پێشوویان گەڕایەوە تورکیا.

5- (کەنەکە – KNK – کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان)، کە بارەگای سەرەکی لە برۆکسلەو وەکو پەرلەمانی کوردستان وایە لە مەنفاو کوردی هەرچوار پارچەکانی کوردستان تێیدا ئەندامن و دوو هاوسەرۆکی هەیە، ڕێبوار رەشیدو نیولەفەر کۆچ و کۆنسەیەکی بەڕێوەبەرایەتیشی هەیە.

6- پارتی رزگاری کوردستان لەساڵی 1976 لەلایەن (مومتاز کوتای و مەمەند ئۆزۆن) دامەزراوە.

7- ئالای رزگاری لەساڵی 1976 لەلایەن (خەدیجە یەشار، ئیکرام دەلەم) دامەزرا.

8- ڕێکخراوی کاوە لەساڵی 1976 لەلایەن مەحمود فورات، داود حەسەن کرۆن دامەزراوە.

9- ڕێکخراوی دەنگی کاوە لەساڵی 1976 لەلایەن مستەفا ڤاکسەکال و فەرید ئۆزۆن دامەزراوە.

10- پارتی کرێکارانی کوردستان لە 27 تشرینی دووەمی 1978 لەلایەن عەبدوڵڵا ئۆجەلانەوە دامەزراوەو ئێستا جەمیل بایک و بەسێ هۆزات هاوسەرۆکن.

11- پارتی ئیسلامی کوردستان (پاک) لە ساڵی 1980 لەلایەن محەمەد سەباح گابۆری دامەزراوە.

12- تەڤگەری سۆسیالیستی کوردستان لە ساڵی 1980 لەلایەن زەکی ئادسز دامەزراوە.

13- بەرەی تەڤگەرا رزگاریا کوردستان لە 22 حوزەیرانی 1988 دامەزراوە، پێکهاتووە لەم هێزو لایەنە سیاسیانە:

- پارتی پێشەنگی کارگەری کوردستان.
- پارتی سۆسیالیستی کوردستان.
- ئاڵای رزگاری.
- پارتی دیموکراتی کوردستان - ڕێکخستنی نەتەوەیی.

- پارتیا هێزێن کوردستان.

- پارتیا شۆڕشگێڕێن کوردستان

- کوکسا - باڵی سۆسیالیست (لەکۆک).

- یەکێتی سۆسیالیستی کوردستان.

14- پارتی کرێکارانی کوردستان (ڤەزین)، لە ساڵی 1991 دامـەزراوە لە پارتی کرێکارانی کوردستان جیابونەتەوە لە دوای کۆنگرەی (4) لەلایەن محەمەد شەنەر، بۆتان، ئەبوبەکر، شەمدین دامەزراوە و بەرپرسی یەکەم دکتۆر باران بووە.

15- پارتی کاری گەل (HEP) لە حوزەیرانی 1990 دامەزراوە لەلایەن فەهمی ئیشیکلار، ساڵی 1993 لەلایەن تورکیاوە داخرا.

16- پارتی دیموکرات (DEP)لە 27 حوزەیرانی 1993 دامـەزراوە، سکرتێری پارتەکەش یەشار قایا بوو لە ساڵی 1994 تورکیا دایخست.

17 - پارتی گەل دیموکرات (HADEP) لە ساڵی 1994 دامەزراوە لەلایەن موراد بوزلاک و ساڵی 2003 داخرا.

18 – پارتی دیموکراسی گەل (DEHAP) لە ساڵی 1997 دامەزرا و ئێستا سەلاح دەمیرتاش و فیگەن یوکسەداغ هاوسەرۆکن.

19 – (کەجەکە – KCK – کۆما جڤاکێن کوردستان)، باڵاترین و بەهێزترین بەشی پەکەکەیە، دوای عەبدوڵڵا ئۆجەلان، کە دوو هاوسەرۆکی هەیە بە ناوەکانی جەمیل بایک (جومعە) و بەسێ هۆزات، کە هاوکات هەردووکیان ئەندامی کۆنسەی سەرۆکایەتیشن، هەردووکیان شیعەن و عەلەوین و سەبری ئوک ئەندامی کۆنسە جێگری هاوسەرۆکە.

20 – (پەکەکە – PKK – پارتی کرێکارانی کوردستان)، یەکێکە لە پێکهاتەکانی (کەجەکە)، هەرچەندە وا باوە کە پەکەکە هێزە گرنگ و یەکەمەکەیە، بەڵام لەراستیدا پەکەکە بەشێکە لە کەجەکە.

21– (هەپەگە – HPG – هێزەکانی پاراستنی گەل)، بەشێکن لە کەجەکەو لەپاڵ (یەپەگە – YPG) و (هەرەکە – HRK) و (یەپەشە – YPSHA) و (یەپەژە – YPJ) و (یەژاستار – YJSTAR)

که هەموویان باڵی سەربازی کەجەکە پێکدەهێنن و هەرکام لەم هێزانە فەرماندارییەتی خۆی هەیە، بەتایبەت لە یەکێک لە پارچەکانی کوردستان، بەڵام فەرمانداری گشتی هەموویان، موراد قەرەیلانە، کە ئەندامی کۆنسەی سەرۆکایەتی کەجەکەیە.

22 – (یەپەگە – YPG – یەکینەکانی پاراستنی گەل) تایبەتە بە رۆژئاوای کوردستان و باڵی چەکداری پیاوانی پەیەدەیەو ئەندامی فەرمانداری گشتی باڵی سەربازی کەجەکەیە.

23 – (هەرەکە – HRK – هێزەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان) باڵی سەربازی پژاک و کۆداری رۆژهەڵاتی کوردستانەو ئەندامی فەرمانداری گشتی باڵی سەربازی کەجەکەیە.

24 – (یەپەژە – YPJ – یەکینەکانی پاراستنی ژنان) باڵی ژنانی چەکداری پەیەدەیە لە رۆژئاواو ئەندامی فەرمانداری گشتی باڵی سەربازی کەجەکەیە.

25 – (یەژاستار – YJSTAR – یەکێتی ژنانی ئازادی – ستار)، تایبەتە بە ژنانی ناو بزووتنەوەکەو ئەندامی فەرمانداری گشتی باڵی سەربازی کەجەکەیە.

26 - (پەیەدە – PYD – پارتی یەکێتی دیموکراتی) پارتێکی سەر بە پەکەکەیەو لە رۆژئاوا دامەزراوە، ساڵح موسلیم و ئاسیا عەبدوڵڵا هاوسەرۆکین و هەرسێ کانتۆنەکانی رۆژئاوا (کۆبانێ، عەفرین، جەزیرە) لەلایەن پەیەدەو ئەڤدەم بەڕێوەدەبرێت.

27 - (کۆنگرەی گەل – KGK) کۆنگرەی حزبەکەیە لە (301) کەس پێکدێت، دوو ساڵ جارێک ئەنجامدەدرێت، واتا پەرلەمانی حزبەو سەر بە کەجەکەیەو لە ئێستادا دوو هاوسەرۆکی هەیە، (رەمزی کارتاڵ و هاجر زاگرۆس).

28 - (کۆدار – KODAR – کۆمەڵگای دیموکراتی و ئازادی رۆژهەڵاتی کوردستان)، باڵی سیاسی کەجەکەیە لە رۆژهەڵاتی کوردستان و دوو هاوسەرۆکی هەیە (رێزان جاوید و زیلان تانیا)، لەگەڵ ئەوەشدا لەلایەن دەستەیەکی بەڕێوەبەرایەتییەوە بەڕێوەدەچێت.

29 - ئاپۆ (عەبدوڵڵا ئۆجەلان) دامەزرێنەرو رێبەری پەکەکەیەو لە ساڵی 1999ـەوە لە تورکیا زیندانییە.

30 - (کۆنسەی سەرۆکایەتی کەجەکە -کۆنسە-)، وەکو مەکتەبی سیاسی وایە، دوای ئۆجەلان بالاترین دەسەلاتی حزبەکەیە، ئەندامەکانی ئەمانەن: (جەمیل بایک «جومعە»، بەسێ هۆزات، موراد قەرەیلان (کەمال)، مستەفا قەرەسوو (حسێن عەلی)، دوران کالکان (عەباس) تورک»، عەلی حەیدەر قەیتان (فواد)، فاتمە ئادر، بێرتان دەرسیم، سۆزدار ئاڤێستا، دیار غەریب، زوبێر ئایدار، سەبری ئوک، فاتیمە عادل).

31- (کۆمیتەی (مجلس) پەکەکە) دوو ساڵ جارێک دەبەسترێت و ئامانجی دروستکردنی کادرو پەروەردەو ئارتەشە، رێکخستن و راگەیاندن و رێکخستنی گەل، بواری فکری و نەزەریی، لە (50) ئەندام پێکدێت و هەرکام لەمانە بەرپرسیارێتی کۆمیتەیەکی هەیە، بەڵام هەندێک لەوانە لەناو (تورکیا، ئێران، باشوور، سوریا)ن و ناوەکانیان ئاشکرا نییەو بەنهێنی کاردەکەن.

32- (یەبەشە – YBSH – یەکینەکانی بەرخۆدانی شەنگال)، بەدوای هاتنی داعش لە شەنگال دروستبوو، لەلایەن ئەنجومەنێکی یەزیدی بەڕێوەدەبرێت.

33 - (ڕەژاک – RJAK – ڕێکخراوی ژنانی ئازادیخوازی کوردستان)، سەر بە پارتی ژنانی ئازادی کوردستانی ئێران (پژاک)ـە.

34 - (هەدەپە – HDP – پارتی دیموکراسی گەلان)، کە لە تورکیا کاردەکات و (36) ئەندام پەرلەمانی هەیە، هاوسەرۆکی حزبەکەش پێکهاتووە لە (سەلاحەدین دەمیرتاش و فیگەن یوکسەکداغ).

35 - (کەجەدە – KCD – کۆنگرەی جڤاکی دیموکراتیک) دروستکراوی پەکەکەیە لە باکوور و هاوسەرۆکەکانی پێکهاتوون لە (سەلما ئیرماک و ....) و چەند ئەندام پەرلەمانی لە ناوخۆی تورکیا هەیەو زۆر چالاکە.

36 - (کانتۆن – ئیدارەی ناوخۆیی ڕۆژئاوا)، لە ساڵی 2013 لەلایەن پەیەدە دروستکراون و لە سێ کانتۆن پێکهاتوون (کۆبانێ، عەفرین، جەزیرە) و هەرکام لەو کانتۆنانە دوو هاوسەرۆکی هەیە، ژنێک و پیاوێک، نەتەوەکانی عەرەب و ئاشووری و ئەرمەنی تێیدا بەشدارن.

37 - (تەڤدا – TVD – تەڤگەری کۆمەڵگەی ئـازادی دیموکراتی ئێزیدی)، حزبێکی نوێیە لە بـاشـووری کـوردسـتـان، بــەدوای هاتنی داعش و شـەڕەکـانـی شەنگال لـەلایـەن پـەکـەکـەوە بۆ ئێزیدییەکان دروسـتـکـراوەو سـەرۆکـی (تـەڤدا) سەعید حەسەنە.

38 - (تـەڤـگـەر – TVGK – تـەڤـگـەری ئازادی کۆمەڵگای کوردستان)، حزبێکی سیاسی باشووری کوردستانە پێشتر لە یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستانی و پارتی چارەسـەری دیموکراسی کوردستان بووە، دوو هاوسەرۆکی هەیە (شیلان شاکر و محەمەد عەبدول) سەر بە پەکەکەیە.

39 - (ئەنجومەنی گەلی رۆژئاوای کوردستان) لە رۆژئاوا دوای رزگاربوونی شارەکان دامەزرا، دیــدی سـیـاسـی پــەیــەدەو هـاوسـەرۆکـەکـانـی پێکهاتوون لە (سینەم محەمەد....).

40 - (ئەرگەکە– ARGK ئارتەشی رزگاری گـەلـی کـوردسـتـان) لـە 1986 دامــەزراوە، لە

سەرەتاوە تا ساڵی 1999لە کۆنگرەی پێنجەمی پەکەکە، جەمیل بایک سەرۆکی ARGK بوو دواتر سلێمان قائیدی(سەلال) کرایە لێپرسراوی ARGK و دواتر ئەم ئارتەشە هەڵوەشایەوەو HPG شوێنی گرتەوە.

41- (ئەرنەکە – ERNK – بەرەی رزگاری نیشتیمانی کوردستان) سێ کەس لێپرسراوی بون قەرەسو، فەیسەڵ ئاتەش، زوهاد دواتر ئەمیش هەڵوەشایەوە بووە کۆنگرەی گەل.

42 – پارتی دیموکراتی کوردستان – تورکیا (PDK – T) لە ساڵی 2014 دامەزراوە.

43 – پارتی فێمینیستی کوردستان.

44 – تەڤگەڕا جوانێن وڵاتپارێز و شۆڕشگێڕ لە ساڵی 2013 دامەزراوە.

45 – پارتی کۆمەڵگای دیموکراتی (DTP) لە ساڵی 2005 دامەزراوە.

46 – پارتی ئاشتی و دیموکراسی لە ساڵی 2008 دامـەزراوە، پەروین بوڵدان و ئیدریس بالوکەن هاوسەرۆکن.

# سێیەم:
# ڕۆژهەڵاتی کوردستان

ڕۆژهـەڵاتـی کـوردسـتـان کـە کـەوتـۆتـە ژێـر دەسـەڵاتـی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە، کانگای شـۆڕش و تێکۆشانە لە سـەد ساڵی رابـردوودا بەتایبەتی لە دەیـەی هەشتاکاندا هێزە کوردییەکان حوکمی ڕۆژهەڵاتیان کردو خاوەنی کۆماری کوردستانە لە مهاباد لەسەر دەستی قازی محەمەد.

بـەڵام لـە1979 بـەدوای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی، ململانێکانی کوردو ئێران ڕۆژ بە ڕۆژ پەرەیسەند، تا ئێستاش بەردەوامە.

ڕۆژهـەڵاتـی کـوردسـتـان خـاوەنـی دەیـان هێزی حزبی تێکۆشەری نەتەوەیی و چەپ و ئازادیخوازە لە 2015 بەناو ئامادەکاری بۆ کۆنگرەی نەتەوەیی لە هەولێر (5) کورسییان پێدرابوو لە کۆی (21) کورسیەکە، بەڵام بەهۆی گرفت و ململانێی نێوان هێزە قەدییمەکان و پژاک، کێشە کەوتە نێوانیانەوە بەرەی پژاک و خەبات و پـاک، پێنج لایەنەکەی تریان بە پیلانگێڕان تۆمەتبارکرد، کە گوایە (دوو حزبی دیموکرات و سێ کۆمەڵەکە)، لـە دەفـتـەری

سیاسی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران کۆبونەتەوە لە کۆیە، تەنها خۆیان بە نوێنەری ڕۆژهەڵات داناوەو ئەو هێزانەی تریان پەراوێز خستوە.

تا گەیشتە دەخالەتی پەکەکە، پژاک کورسی پێدرا.

لە وەڵام بەو بۆچوونانە، ئەو پێنج لایەنە رایانگەیاند "ئەوەی ئێمە کردومانە، پرۆسەی دیموکراسی بووە ئەوان لە دەنگداندا دەرنەچوون".

جیا لەوانە ململانێی چەند هێز لەمانە لەگەڵ پژاک هەڵدەگەڕێتەوە، بۆ ئەو بۆچوونەی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران (حدکا) و کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران (کشزکا)، کە پژاک بەلایەنی ئەساسی و سەرەکی ڕۆژهەڵات نازانن و بە دروستکراو و داتاشراوی پەکەکەی دەزانن و پێیانوایە نابێ پەکەکە کوێخا بۆ پارچەکانی تر دابتاشێت.

جیا لەوەش گرفتێکی سەرەکی ناو سازمان

و هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات ناموسنجی و نایەکگرتووییە، کە فاکتەرێکی سەرەکی ئینشیقاق و ئینشیعابی ناو ئەم هێزانەیە، کە تائێستا نەیانتوانیوە (بەرەیەکی کوردستانی ڕۆژهەڵات) دروستبکەن.

بۆیە ڕەنگە هەلومەرجی سیاسی ئێستای کوردستان بەتایبەت بۆ ڕۆژهەڵات باشترین دەرفەتە بۆ بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی لەژێر ئەو فاکتانە، سەرەڕای دیوە پۆزەتیڤ و نێگەتیڤەکانی ڕۆژهەڵات:

**یەکەم:** هێزەکانی ڕۆژهەڵات پێش کۆنگرەی نەتەوەیی واباشە (بەرەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان) و (سوپای ڕزگاری ڕۆژهەڵاتی کوردستان) دروستبکەن.

**دووهەم:** خیلاف و کێشەو ململانێ ناوخۆییەکانیان چارەسەر بکەن، بەتایبەت (پێنج هێزە سەرەکییەکە + پژاک)، چونکە گەر بەم کێشانەوە بچنە کۆنگرەی نەتەوەیی، حەتمەن هەموو ئامانجەکانیان تحقیق نابێت.

**سێیەم:** (دوو دیموکرات و سێ کۆمەڵە)، کە ناوبەناو هەوڵی یەکگرتنەوە دەدەن، بەڵام نەگەیشتونەتە ئاکام، چونکە حزبی دیموکراتی کوردستان (2006) لە حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران – دایک جیابۆتەوە.

کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان لە (2007) لە کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی جیابۆوە، ئەمیش ڕێکخراوی کوردستانی – حزبی کۆمۆنیستی ئێران (کۆمەڵە) لە (2000) جیابونەتەوە.

**چوارەم:** دیارە ئینشیقاق، گەورەترین گرفتی ناو هێزە کوردستانیەکانی ڕۆژهەڵاتە، کە چارەسەر نەکراون.

**پێنجەم:** هێزە ڕۆژهەڵاتییەکان، بەدوای ڕاپەڕینی 1991ی باشور، وەکو هێزگەلی ئۆردگانیش ناسراون و خەباتی چەکداریان هەڵپەساردوە.

**شەشەم:** هێشتا شەڕێکی میدیایی سارد لەنێوان لایەنەکاندا هەستی پێدەکرێت، کە بە قازانجی ئێران و نەیارەکانیان دەچێتە پێش.

**حەوتەم:** هێزەکانی ڕۆژهەڵات، کە تاراوگەنشینن لە باشورو خەباتی چەکداریان بێهێز بووە، میدیاو کەناڵی ڕاگەیاندنی وەکو پێویستییان نییە، کە کاریگەری ڕاستەوخۆی هەبێت.

پێشتر خاوەنی کەناڵی ئاسمانی (ئاسۆسات، تیشک، کورد کەناڵ، ڕۆژهەڵات، کۆمەڵە TV)بوون، بەڵام ئێستا تەنها (کورد کەناڵ و کۆمەڵە) ماون و ئەوانی دیکە بەهۆی گرفتی داراییەوە داخراون.

**هەشتەم:** تیرۆر، یەکێکە لەو هەڕەشانەی بەردەوام زەربەی گەورەی لە سەرکردەو کادرو پێشمەرگەکانیان داوەو توانیویەتی کاریگەری نێگەتیڤ لەسەر ڕەوشی سیاسی، کاریزماتیکی ئەو حزبانە دابنێت، تیرۆری (د.قاسملۆ، شەرەفکەندی، سدیق کەمانگەر، غولام کەشاوەرز)، زیاتر لە (300) پێشمەرگەو کاردیان.

**نۆیـەم:** کـۆچ، یەکێکی تـرە لـەو هـۆکارە نێگەتیڤانەی وادەکـات بەشێکی زۆر وزەو ئینێرژی ئـەم هـێزانە بکـوژێت، یـان بچنە دەرەوە، تەنها لـەدوو دەیـەی رابــردوودا نزیکەی (2000) پێشمەرگەو لایەنگرو کادری هـێزەکانی رۆژهــەڵات چـونـەتـە ئـەوروپـاو ئەمەریکا.

**دەیەم:** کەمی داهاتی دارایی و ئیمکاناتی مادی کێشەو گرفتی رۆژانـەی بۆ دروستکردون، چونکە نە حکومەتی هەرێم هاوکاریان دەکات، نە ئەو هەموو کـادرەی بە پشتگیری ئەوان دەچنە دەرەوە، کۆمەک بەم هێزانە دەکەن لە کوردستان وەکو پێویست.

**یانزەیەم:** کەمتەرخەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ پێشکەشکردنی یارمەتی دارایی و خزمـەتگـوزای گرفتێکی تـری هێزەکانی رۆژهەڵاتە.

**دوانـزەیـەم:** شکستی پـرۆژەی دانوستانی نێوان ئەم هێزانەو ئێران، بەهۆی نەبوونی

نیەتی باش لەلایەن ئێرانەوە، بۆ وەها کارێک، سەرەڕای ئەوەی هەرگیز ئەو هێزانە بە یەکگرتوویی لەگەڵ ئێران دانوستایان نەکردووە لە دوای (1979)ەوە.

**سیانزەیەم:** دانانی کاریگەری سیاسەتی یەکێتی و پارتی لەسەر هێزەکانی رۆژهەڵات، وادەکات پارتی و یەکێتی مامەڵەی دۆست و نەیار لەگەڵ بەشێک لەم هێزانە بکەن، بۆنمونە پارتی رێگانادات تائێستاش بارەگای حزبی کۆمۆنیستی ئێران (کۆمەڵە) لە هەولێر بکرێتەوە، بەبیانووی جیاواز جیاواز، ئەی چۆن دەکرێت پارتی بە رەسمی مامەڵە لەگەڵ ئەم هێزەبکات لە کۆنگرەی نەتەوەیی؟

**چواردەیەم:** هێزەکانی رۆژهەڵات، هەندێکجار بە گومانەوە سەیری کۆنگرەی نەتەوەیی دەکەن، کە بۆ داماڵینی چەک بێت لەم هێزانەو زۆریش نیگەرانن لە بەشداری ئێران لە کۆنگرەکە وەکو میوان.

# بیۆگرافیای هێزەکانی
# ڕۆژهەڵاتی کوردستان

1- حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران (حدکا)، کە مستەفا هیجری سکرتێریەتی و لە 1945/8/16 دامەزرا.

2- حزبی دیموکراتی کوردستان (حـدک)، کە مستەفا مەولودی سکرتێریەتی لە 1945/8/16 دامەزراوەو لەساڵی 2006 لە (حدکا) جیابۆتەوەو پێشتریش لە ساڵی 1989 حدکا - رێبەرایەتی شۆڕشگێڕی لێ جیابۆتەوە بەڕێبەرایەتی جەلیل گادانی.

3- رێکخراوی کوردستان و حزبی کۆمۆنیستی ئێران (کۆمەڵە)، ئیبراهیم عەلیزادە سکرتێریەتی و لە ساڵی 1969 دامەزراوە، ساڵی 1983 لەگەڵ گروپی (سەهەند)ی مەنسوری حیکمەت یەکدەگرن و حزبی کۆمۆنیست پێکدەهێنن و لەساڵی 1991 رەوتی کۆمۆنیزمی کرێکاری لێ جیادەبێتەوە، کە دواتر دەبێتە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران - حیکمەتیست و لەلایەن (مەنسوری حیکمەت)ەوە بەڕێوەدەبرێت..

4- کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران (کۆمەڵە) عەبدوڵڵای موهتەدی سکرتێریەتی و لە ساڵی (2000) لە کۆمەڵە جیابۆتەوە.

5- کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان، عومەری ئیلخانیزادە سکرتێریەتی و ساڵی (2007) لە کۆمەڵەی شۆڕشگێر جیابۆتەوە.

6- رەوتی سۆسیالیستی کۆمەڵە (کۆمەڵە) مینەی حسامی و جەعفەری ئەمین زادە رابەرایەتی دەکەن و ساڵی (2009) لە حزبی کۆمۆنیست جیابۆتەوە.

7- کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشان – ئاڕاستەی یەکگرتن محەمەد شافیعی سکرتێریەتی و ساڵی 2014 لە کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی جیابۆتەوە.

8- یەکێتی دیموکراتی کوردستانی ئێران، عوسمان جەعفەری سکرتێریەتی، لە پەکەکە جیابۆتەوە.

9 - سازمانی خەباتی کوردستان، شێخ حسێن بابە شێخ کوڕی شێخ مەلا جەلال سکرتێریەتی و ساڵی 1979 دامەزراوە.

10 – سازمانی خەباتی شۆڕشگێڕی کوردستانی ئێران لە سازمانی خەبات جیابۆتەوەو مەلا حامید مەعروفی سکرتێریەتی و ساڵی 1987 دامەزراوە.

11 – بزوتنەوەی کۆماریخوازی کوردستان لەلایەن مستەفا شەمامی (دیاکۆ)ەوە، لە سێپتەمبەری 2011 دامەزراوە.

12 – پارتی سەربەستی کوردستان لەلایەن عارف باوەجانییەوە دامەزراوە لە ساڵی 2007.

13 – پارتی سەربەخۆیی کوردستان لەلایەن ئەمیر قازی دامەزراوە.

14 – پارتی لیبڕاڵی کوردستانی ئێران لە ساڵی 2009 دامەزراوە.

15 – پارتی ئازادی کوردستانی ئێران (پاک) ساڵی 1980 دامەزراوەو لەلایەن سەعید یەزدان پەناو ئێستا عەلی قازی و حوسێن پەزدان پەنا سکرتێریەتی.

16 – یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستانی ئێران ساڵی 1980 دامەزرراوە، لە 2007 ەوە سمکۆ یەزدان پەنا سکرتێریەتی.

17 – پارتی ژیانی ئازادی کوردستان (پژاک) لەلایەن سیامند موعینی و زیلان شەرفین هاوسەرۆکن.

18 - کۆمەڵگای دیموکرات و ئازادی رۆژهەڵاتی کوردستان (کۆدار)، لە 5ی گوڵانی 2014 خۆی راگەیاندو ئێستا فوئاد بێرتان و زیلان تانیا هاوسەرۆکن.
19 - سوپای رزگاری کوردستانی ئێران 1979 لەلایەن شێخ مادح نەقشبەندی دامەزراوە.
20 - پارتی سۆسیال – دیموکراتی کوردستانی ئێران.
21- کۆمەڵەی یەکسانی رۆژهەڵاتی ئێران لە ساڵی 1978دامەزراوە، کاوە سور سکرتێریەتی.
22 - پارتی فێمێنیستی کوردستانی ئێران لە ساڵی 2015 دامەزراوە، لەلایەن سەبری بەهمەنی و ناهیدە حوسێن و چەند ژنی چالاکی ترەوە بەڕێوەدەبرێت.
23 - پارتی نوێبوونەوەی کوردستانی ئێران.
24 - (سازمان چریکهای فدایی - خلق ایران) لە ساڵی 1971 دامەزراوە.
25 - سازمانی فداییان (اقلیت) کە لە ساڵی 1981 دامەزراوە و (محمد دبیری فرد) سکرتێرییەتی.
26 - (چریک های فدایی - خلق ایران) کە لە

ساڵی 1979 دامەزراوە و (جریان اشرف دهقانی) سکرتێرییەتی.
27 – (سازمان پیکار در راە آزادی – طبقە کارگر) کە لە ساڵی 1975 دامەزراوە.
28 – سازمان فداییان خلق ایـران (اکثریت) کە لـە ساڵی 1971 دامــەزراوە و (بـهـروز خلیق) سکرتێرییەتی.
29 – حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران کە لە ساڵی 1991 دامەزراوە و (حەمید تەقوایی) سکرتێرییەتی.
30 – سازمان اتحاد فدائیان کمونیست کە لە ساڵی 1979 دامەزراوە.
31 – حزبی تـودەی ئێران کە لە ساڵی 1941 دامەزراوە و (عەلی خاوەری) سکرتێرییەتی.
32 – حزبی کرێکارانی سۆسیالیستی ئێران کە لە ساڵی 1979 دامەزراوە.
33 – اتحاد سوسیالیستی کارگری، کە (ئیرەجی ئازەرین و رەزا موقەدەم) هاوسەرۆکن.
34 – سازمان کارگران انقلابی ایران (راە کارگر) کە لە ساڵی 1980 دامەزراوە.
35 – حزبی کۆمۆنیستی ئێران کە لە ساڵی 1984 دامەزراوە و (ئیبراهیم عەلیزادە) سکرتێرییەتی.

36 - حزبی کۆمۆنیستی ئێران (مارکسیست - لنینیست - مائوئیست) کە لە ساڵی 2001 دامەزراوە.

37 - سازمانی موجاهیدینی خەلقی ئێران کە لە ساڵی 1965 دامـەزراوە و (مەسعود و مەریەم ڕەجەوی) هاوسەرۆکن.

38 - حزب کار ایران (توفان) کە لە ساڵی 1965 دامەزراوە و لە حزبی تودە جیابووەتەوە.

39 - حزب سوسیالیست انقلابی ایران کە لەساڵی 2017 دامەزراوە و (سلام زیجی) سکرتێرییەتی.

40 - حزبی رنجبران ایران کە لە ساڵی 1979 دامەزراوە.

41 - حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری (حکمتیست) کە لە ساڵی 2004 دامەزراوە و (مەنسوری حیکمەت و کورش مودەریسی)هاوسەرۆکن.

42 - حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری (حکمتیست) کە لە ساڵی 1991 دامەزراوە و (مەنسوری حیکمەت و رەحمان حسێن زادە) هاوسەرۆکن.

43 - حزب سوسیالیست ملی کارگران ایران کە لە ساڵی 1952 دامەزراوە و (داوود منشی زادە) سکرتێرییەتی.

# چوارەم:
# ڕۆژئاوای کوردستان

بچوکترین پارچەی کوردستان و فەرامۆشکراوترین پارچەی کوردستان تا پێش ڕووداوەکانی بەهاری عەرەبی و قەیرانەکانی سوریا لە 2011، کەمتر باسی کورد و ڕۆڵی هێزە سیاسیەکانیان دەکراو تەنانەت ڕژێمی حافز و بەشار مافی پێدانی ناسنامەشی لێ ساندبونەوە.

بەڵام ڕووداوەکانی بەهاری عەرەبی و قەیرانی سوریا. وەرچەرخانێکی گەورە ڕوویدا، قازانجی خۆرئاوای کوردستان، لەمبارەیەوە نوسەرێکی خۆرئاوایی دەڵێت "کورد لە نەوەدەکانەوە دوو فیشەکی تەقاند، یەکەم: ڕاپەڕینی 1991 – دووەم: سەربەخۆبونی ڕۆژئاوای کوردستان لە 2011"، بێگومان بۆچونێکی دروستە.

ڕۆژئاوای کوردستان کە ئێستا لەلایەن پارتی یەکێتی دیموکراتی سوریا (PYD) بەڕێوەدەبرێت، کە درێژکراوەی پارتی کرێکارانی کوردستان (PKK) و سیاسەتەکانی ئەوە.

جیا لەوەی لەسەرەتای ڕووداوەکانی سوریا ڕۆڵی گەورەی نواند و زوو کۆنترۆڵی ناوچە

کوردنشینەکانی کرد و چەکدارکردنی ژنان و پیاوانی شۆڕشگێڕ لەژێر ناوی هێزەکانی یەکینەکانی پاراستنی گەل YPG و یەکینەکانی پاراستنی ژنان (YPJ)، بەپێی هەندێک سەرچاوەی نارەسمی (70000) هەزار کەس چەکدارکراوەو زیاتر لە (7000) شەهیدیان داوەو دامودەزگای ئەمنی و حوکمیان دامەزراندوە.

بەلاّم حکومەتی رۆژئاوای کوردستان، کە (PYD) بەڕێوەی دەبات، کێشەو گرفتی زۆری هەیە لە ناوخۆدا لەگەڵ هێزەکانی ناو (ئەنەکەسە) و ململانێیەکی توند و دژوار هەیە، کە درێژکراوەی سیاسەتی پڕ ناکۆکی نێوان (PKK و PDK) و کاریگەری لەسەر رۆژئاوای کوردستانیش داناوە.

بۆیە دەکرێت لایەنە پۆزەتیڤ و نێگەتیڤەکانی رۆژئاوای کوردستان ئاوەها لێکبدرێتەوە:

**یەکەم:** رۆژئاوای کوردستان قۆناغێکی زێڕینی بڕی و بەدەستیهێنا، لە دوای قەیرانی سوریا رووداوەکانی بەهاری عەرەبی لە سالّی (2011)، کە خۆی لە خۆبەڕێوەبەری

و حکومەتی خۆرئاواو کانتۆنەکانی دەبینێتەوە، بەڵام ئێستا لەهەرکات زیاتر مەترسی گەلەکۆمەکی تورکیا، سوریا و ئێرانی لەسەرە.

**دووەم:** پارتی (PDK) لە رابردوودا، بەهۆی لایەنگری لە (ئەنەکەسە) – ئەنجومەنی نیشتمانی کوردی سوریا)، کە هێزی سێبەرو دۆستەکانی پارتین، دژایەتی زۆری رۆژئاوا کرد چ سیاسی و عەسکەری چ میدیایی، بە لێدانی خەندەق و رێگری لە پێگەیشتنی خزمەتگوزاری و چەک و تەقەمەنی، ئەمە کاریگەری لەسەر کۆنگرەی نەتەوەیی دەبێت.

**سێیەم:** گواستنەوەی ململانێکانی پارتی و پەکەکە لە قەندیل و هەولێر بۆ رۆژئاوا، کاریگەری خراپی لەسەر رەوشتی سیاسی رۆژئاوا هەیە.

**چوارەم:** تاکرەوی حوکمداری و خۆبەڕێوەبەری PYD لە رۆژئاوا، گرفتێکی بەردەم پێکهاتنی هێزە سیاسیەکان لە رێککەوتنی دهۆک و هەولێر.

**پێنجەم:** دیوێکی پۆزەتیفی خۆبەڕێوەبەری خۆرئاوا بەشداری پێکردنی (ئیتنیک، کەمینە و مەزهەبەکانی تری غەیرە کوردی ناو رۆژئاوا، لە بابەتی (چەرکەس، مەسیحی، عەرەب، ئاشوریی و یەزیدی)کان لە حکومەت و سیستمی سیاسی و عەسکەری خۆرئاوا.

**شەشەم:** داعش گەورەترین مەترسی سەر رۆژئاوایە بەتایبەت لەکاتی شەڕی کۆبانێدا و ئێستاش مەترسی داعش بەتەواوی لەسەر رۆژئاوا نەڕەویوەتەوە.

**حەوتەم:** نەرمی نواندن و تنازلی تورکیا بۆ ئێران و روسیا و دەستهەڵگرتنی لە روخانی بەشار ئەسەد، بە مەبەستی داوایەکە، کە ئێران و روسیا دەست لە پشتیوانی خۆرئاوا هەڵگرن و تورکیا گەورەترین مەترسییە لەسەر ئەزمونی رۆژئاوا.

**هەشتەم:** (ئەنەکەسە) مەترسی ئەوەی لێدەکرێت شەڕێکی ناوخۆیی لە رۆژئاوا لەگەڵ پەیەدە هەڵگیرسێنێت بە دەستێوەردانی پارتی و ئەزمونی شەڕی ناوخۆی، کە دەیەی نەوەدەکان لە باشور لە نێوان یەکێتی و پارتیدا روویدا.

**نۆیەم:** گەلەکۆمەکێ و پیلان و پلانی وڵاتان ئیقلیمی زۆر جدیە لەسەر تێکشکاندنی رۆژئاوای کوردستان و بەتایبەت پاش زیندوکردنەوەی تەواوەتی رژێمی ئەسەد، کە دەبێت خۆرئاوا حسابی وردی لەسەر بکات.

**دەیەم:** جیاواز لە پارتی، یەکێتی نیشتمانی کوردستان رۆڵی گەورە و گرنگی هەبوو لە پشتیوانی لە حکومەتی خۆرئاوای کوردستان لە بواری سیاسی، عەسکەری و مادی، پێیوابوو نابێت دەخالەت بکەین لە کاروباریان، بەڵکو دەبێت هاوکارییان بکەین.

**یانزەهەم:** رۆژئاوا هێشتا سێ پارێزگا سەرەکییەکەی یەکگرتوونین، بەهۆی باری تۆپۆگرافیاو جیۆگرافیای ناوچەکەوە و تورکیا هەوڵدەدات ئەمکارە نەکرێت، بەڵام بەیەکگەیشتنی خاڵێکی بەهێزە بۆ رۆژئاوا.

**دوانزەیەم:** پشتیوانی ئەمەریکا و ئەوروپا و مۆسکۆ بۆ رۆژئاوا گرنگبوو گەر پەیەدە بتوانێت بارودۆخەکە رابگرێت، رەنگە ئەمەریکا رێگا نەدات حکومەتی خۆرئاوا لەناو بچێت، کە لەبەردەم هەڕەشەی جدیدایە.

**سیانزەیەم:** ڕۆژئاوا لە ئاستی ناوچەیی لەپاڵ بلۆکی شیعەدایە، کە ئێرانە، بەڵام لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی هاوسەنگی باش ڕاگرتووە لەنێوان ئەمەریکاو ڕوسیادا، کە ئەمەش سیاسەتێکی دروستە.

**چواردەهەم:** خراپی ڕەوشی سیاسی پەیوەندی خراپی پەکەکە و پارتی، کاریگەری زۆر لەسەر ڕۆژئاوا داناوەو گەر چارەسەر نەکرێت زیاتریش دەبێت.

**پانزەیەم:** ڕۆژئاواو پەیەدە نابێت زۆر تورکیا نیگەران بکەن، بەتایبەتی لە شەڕی داعش و ئەلباب، کە تورکیا وابزانێت پەکەکە دەبێتە دراوسێ و حوکمداری دەکات.

**شانزەیەم:** ڕۆژئاوا دووهەم ئەزمونی حوکمداری سەرکەوتووی دوای باشوری کوردستانە، کە باکورو ڕۆژهەڵاتیش چاویان لێیەتی، بۆیە باشکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ پارچەکانی تر کارێکی گرنگە.

**حەڤدەهەم:** کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان بۆ پشتیوانی لە ڕۆژئاوا زۆر گرنگە، بەڵام پێش کۆنگرە دەبێت هەم پەکەکە و پارتی، هەم پەیەدە

و ئەنەکەسە، کێشەکانیان چارەسەر بکەن ئەنجا بێتە کۆنگرە، وەکو هەموو پارچەکانی تر، ئەگەرنا کۆنگرە ناتوانێت سەرکەوتووبێت.

**هەژدەیەم:** بوونی ئاوارەیەکی زۆری رۆژئاوا لە باشور دەبێت یارمەتی زۆرتریان پێشکەشبکرێت.

**نۆزدەیەم:** رۆژئاوای کوردستان و ناموسنجیمی هێزەکانی خەریکە پێش رۆژهەلأت دەکەوێت، بەتایبەت لە دیاردەی ئینشیقاقدا، کە گرفتی گەورەیە بەهۆی دەخالەتی پەکەکە، پارتی، تورکیاو سوریاوە.

**بیستەم:** پەیەدە گلەیی هەندێک لەهێزە شۆڕشگێڕەکانی رۆژئاواشی لەسەرە، کە تاکڕەوە و مەرجی کارکردنیان پێنادات، لە بابەتی پارتی دیموکراتی پێشکەوتخوزای کوردی سوریا (حەمید دەروێش).

# بیۆگرافیای هێزەکانی رۆژئاوای کوردستان

1- پارتی چەپی کورد سوریا/ محەمەد موسا.
2- پارتی پێشکەوتنخوازی دیموکراتی کورد لە سوریا/ عەبدولحەمید دەروێش.
3- پارتی دیموکراتی کوردستانی سوریا/ سعود مەلا دوای یەکگرتنی نێوان چوار پارتی کوردی لەساڵی 2014 دروستبووە، ئەوانیش (پارتی دیموکراتی کورد لە سوریا/ د.عەبدولحەکیم بەشار، پارتی یەکێتی کوردستانی سوریا/ عومەر داود، باڵی پارتی ئازادیی کورد/ مستەفا ئۆسۆ، باڵی پارتی ئازادیی کورد/ مستەفا جومعە).
4- پارتی دیموکراتی کوردی سوریا/ جەمال شێخ باقی.
5- پارتی یەکێتی دیموکراتی کورد لە سوریا (یەکێتی)/ محێدین شێخ ئالی.
6- پارتی یەکێتی دیموکراتی کورد لە سوریا/ د.کامەران حاجی عەبدۆ. (تازە لە پارتی دایک جیابۆتەوە).
7- پارتی یەکێتی دیموکراتی کورد لە سوریا/ هەژار عەلی (لە ئینشیقاق چییەکانی سەرەوە ئینشیقاقی کردووە).

8- پارتی دیموکراتی کورد لە سوریا – ئەلپارتی/ نەسرەدین ئیبراهیم.

9 - پارتی دیموکراتی کورد لە سوریا – ئەلپارتی/ لە پارتی دایک جیابۆتەوەو لە ڕێگەی سەرکردایەتییەکی، دەستە جەمعییەوە لەلایەن (کۆمان حسێن، خالید سینۆ، خەلیل ئیبراهیم، کۆمیتەی ناوەندی) بەڕێوە دەبرێت.

10 - ئەلپارتی دیموکراتی کورد لە سوریا/ د.لازگین فەخری (لەلایەن کۆچکردوو عەبدولرەحمان ئالوچییەوە دامەزراوە) و لەپارتی دیموکراتی کورد لە سوریا – ئەلپارتی جیابۆتەوە.

11 - پارتی یەکسانی دیموکراتی کورد لە سوریا/ عەزیز داود (لەپارتی دیموکراتی پێشکەوتووخوازی کورد لە سوریا جیابۆتەوە لە ئێستادا لەلایەن (نیعمەت داود)ەوە بەڕێوەدەبرێت دوای مردنی (عەزیز داود).

12 - پارتی نیشتمانی دیموکراتی کورد لە سوریا/ تاهیر سەفوەک لە (پارتی دیموکراتی پێشکەوتنخوازی کورد لە سوریا) جیابۆتەوە.

13 - بزوتنەوەی چاکسازی کورد لە سوریا/ فەیسەڵ یوسف، لە (پارتی دیموکراتی پێشکەوتنخوازی کورد لە سوریا) جیابۆتەوە.

14 - بزوتنەوەی چاکسازی کورد لە سوریا/ ئەمجەد، لە بزوتنەوەکەی فەیسەڵ یوسف جیابۆتەوە.

15 - پارتی یەکێتی کورد لە سوریا/ ئیبراهیم برۆ. لە (پارتی یەکێتی دیموکراتی کورد لە سوریا) جیابۆتەوە.

16 - پارتی یەکێتی کوردستانی- سوریا/ پاشماوەکانی حزبەکە دوای چوونە ناو یەکێتی سیاسی و دروستکردنی پارتێکی نوێ کە لەلایەن سعود مەلاوە سەرکردایەتیی دەکرێت. پارتی یەکێتی کوردستانی لە ئەڵمانیا و لەلایەن کۆمەڵێک گەنجەوە دامەزرا، کە لەلایەن حزبی یەکێتی کورد لە سوریاوە دەرکرابوون.

17 - پارتی چەپی دیموکراتی کورد لە سوریا/ ساڵح گەدۆ. لە (پارتی چەپی کورد لە سوریا) جیابۆتەوە و وشەی "دیموکرات"ی بۆ ناوەکەی زیادکردووە هەتاوەکو لە (پارتی چەپی کورد لە سوریا) خۆی جودابکاتەوە.

18 - پارتی چەپی دیموکراتی کورد لە سوریا/ شەلال گەدۆ. لە پارتەکەی ساڵح گەدۆ جیابۆتەوە.
19 - پارتی چەپی کورد (بزووتنەوەی چاکسازی)/ محەمەد مەعسوم ئۆمری.
20 - پارتی چەپی کوردستان لە سوریا/ مەحمود مەلا.
21- پارتی ویفاقی دیموکراسی کوردی سوریا/ نەشئەت محەمەد. دوای جیابوونەوەی لە پەیەدە دامەزرا.
22 - پارتی ویفاقی دیموکراتی کوردستان- سوریا/ فەوزی شەنگالی. دوای جیابوونەوەی لە پەیەدە دامەزراوە.
23 - رەوتی داهاتووی کورد لە سوریا/ ڕێزان شێخموس. پێشتر شەهید (مەشعەل تەمۆ) سەرۆکی بوو.
24 - ڕەوتی داهاتووی کورد لە سوریا/ نارین مەتینی. پێشتر شەهید (مەشعەل تەمۆ) سەرۆکی بوو.
25 - پارتی یەکێتی دیموکراتی (پەیەدە)/ شاهۆز حەسەن و هێڤی مستەفا هاوسەرۆکین.
26 - بزووتنەوەی کۆمەڵگەی دیموکرات/ عەبدولسەلام محەمەد.

27 – بزووتنەوەی لاوانی کورد/ سەر بە پەیەدەیە.
28 – پارتی یەکێتی میللیی کورد لە سوریا/ حەسەن عاکۆلی.
29 – پارتی یەکێتی نیشتیمانیی ئازاد–سوریا/ د. تۆفیق حەمدوش و سلێمان سلێمان. لە ئەڵمانیا و لەژێر ناوی (پارتی دیموکراتی کوردستان)دا دامەزراوە و دواتر ناوەکەی گۆڕیوە بۆ یەکێتی نیشتیمانیی ئاسیا.
30 – ڕەوتی لیبراڵی کوردستان/ فەرهاد تیلۆ.
31 – بزووتنەوەی نوێبوونەوەی کوردستان–سوریا/ ڕزگار قاسم.
32– ئەنجومەنی نیشتیمانیی کوردستان–سوریا/ لەلایەن (د. شێرکۆ عەباس)ەوە لە ئەوروپا دامەزراوە.
33– بزووتنەوەی گۆڕانی کورد لە سوریا.
34 – کۆنگرەی نیشتیمانیی کوردستان/ لەلایەن (د. جەواد مەلا)وە لە بەریتانیا دامەزراوە.
35 – ڕەوتی نیشتیمانیی کورد لە سوریا/ ساڵی 2012 لەلایەن (هەیبەت ئەبو هەڵەبجە)وە لە ئەڵمانیا دامەزراوە.
36 – پارتی دیموکراتی کوردستان لە سوریا/ عەبدولکەریم سەکۆ. ئەم پارتە لە (ئەلپارتی

دیموکراتی کورد لە سوریا) جیابۆتەوە دوای کۆچی عەبدولڕەحمان ئالوچی.
37 - پارتی ئاشتی دیموکراتی کورد لە سوریا/ مام تەلال محەمەد.
38 - پارتی ئیسلامی کورد لە سوریا.
39 - ئەلپارتی پێشڕەوی کوردستان - سوریا/ د. ئیسماعیل حەساف.
40 - پارتی نوێبوونەوەی کوردستان لە سوریا.
41 - پارتی گردبوونەوەی دیموکراتی نیشتیمانیی کورد لە سوریا/ محەمەد عەباس ئەبو شێرۆ.
42- بزووتنەوەی گەلی کوردستان لە سوریا/ عەدنان بوزان.
43- پارتی کرێکارانی کوردستان (Kedkarên Kurdistanê)/ محەمەد شێخی.
44- پارتی سەوزی کوردستان/ لوقمان ئەحمی.
45 - پارتی برایەتیی کوردستان/ سلێمان کەرۆ.
46 - بزووتنەوەی کوردستانی سوریا/ کاوە مەلیک.
47 - بزووتنەوەی گۆڕانی دیموکراتی کورد لە سوریا/ کامەران حەسەن، ماکین یەزدان.
48 - بزووتنەوەی ڕابوونی ئیسلامی/ ئیبن موفتی.

49 - پارتی لیبڕاڵی کوردستان.
50 - دەستپێشخەریی نیشتیمانیی بۆ کوردانی سوریا.
51 - پارتی ئازادیی کوردستان- سوریا/ کۆمیتەی ناوەندی/ لە ڕێگەی سەرکردایەتییەکی دەستەجمعییەوە بەڕێوەدەبرێت، کە یەکێک لەوانە (عەزیز تالانی)یە.
52- حزبی شیوعی کوردستان-سوریا/ نەجمەدین مەلا.
53- پارتی ڕزگاریی کوردستان-سوریا.
54- پارتی ڕێگای کوردستان- سوریا.
55- بزووتنەوەی ڕاستیی کورد لە سوریا/ خەلیل یوسف.
56 - بزووتنەوەی سەربەخۆیانی کورد لە سوریا.
57 - ڕێکخراوی ڕوناکی کورد لە سوریا.
58 - بزووتنەوەی حەقیقەتی کورد لە سوریا.
59 - بزوتنەوەی سەوزی کورد لە سوریا/ شەباب ئیبراهیم.
60 - بزووتنەوەی سەوز- باڵێکی جیابووەوەیە لە بزووتنەوەی سەوزی کورد لە سوریا.
61 - بزووتنەوەی سەوای کورد لە سوریا.
62- گردبوونەوەی لاوانی کورد لە سوریا.

63- یەکێتی نیشتیمانیی ئـازاد/ عەبدولفەتاح زەهیر.
64- ڕێکخراوی یەکێتی ئەستێرەکان/ سـەر بە پەیەدەیە و لەلایەن (نەسرین)ـەوە بەڕێوەدەبرێت.
65- ڕێکـخـراوی دژ بـە توندوتیژیی بەرامبەر ژنـان/ سەر بە پەیەدەیە و لەلایەن (سوهام)مەوە بەڕێوەدەبرێت.
66- ڕێکخراوی بنەماڵەی شەهیدان/ سەر بە پەیەدەیە.
67 - بـزووتـنـەوەی ویـژدانـی کـورد لـە سوریا/ ئیبراهیم یوسف.
68 - مافپەروەرانی خۆرئاوای کوردستان.
69 - لیژنەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی/ (ڕێزان گمۆ) سەرۆکی لیژنەکانە.
70 - ڕێکخراوی شۆرش بۆ کاروباری ژنان.
71 - کۆنفیدراسیۆنی خوێندکارانی کورد لە سوریا.
72- پارتی گەلی کوردستان لە سوریا/ عیزەدین برۆ.
73- پارتی یەکێتی ئازادی کوردستان لە سوریا.
74- یەکێتی سەربەخۆیانی کورد لە سوریا- بەم دواییانە لە تورکیا دامەزراوە.
75 - سەندیکای نوسەران و ڕۆژنامەنووسانی کورد لە سوریا کە لە لایەن (دلوەر زەنکی) بەڕێوەدەبرێت.

## دووەم: نیگەرانییەکانی تورکیاو ئێران

تورکیا و ئێران وەکو دوو وڵاتی کاریگەری ناوچەیی لەسەر هەرێمی کوردستان و چاودێری رەوشی سیاسی هەموو پارچەکان دەکەن و لە هەر پێشکەوتن و هاوکارییەکی هێزە کوردییەکان نیگەرانن و کێشەو ئاریشەی بۆ دروستدەکەن.

کۆنگرەی نەتەوەیی یەکێکە لەو فایلە گەرمانەی هەمیشە ئەو دوو وڵاتە وەکو مەترسیەکی جددی بۆ سەر خۆیان سەیری دەکەن، بەو پێیەی ئێران نیگەرانە لەوەی هێزە ئۆپۆزسیۆنە کوردەکانی رۆژهەڵات بەشداربن و مەسەلەی کوردی رۆژهەڵات بکرێتە تەوەری ئەو کۆنگرەیە، هەمیشە پێی خۆشە پەرش و بڵاوبن و خاوەنی گوتارێکی کوردی یەکگرتوو نەبن چ جای ئەوەی لەژێر چەتری کۆنگرەی نەتەوەییدا یەکبگرن و بەهێزبن و بەشێک بن لە ئەرتەشی رزگاری و خەباتی چەکداریان پەرە پێبدەن، بۆیە ئێران زۆر هەوڵیدا کۆنگرە نەبەسترێ و تەنانەت داوایکردبوو وەکو

میوان بەشداربن، هەر زووش وەڵامدرایەوە لەلایەن چەند هێزی رۆژهەڵاتەوە گەر ئێران میوان بێت ئەوان بەشداری ناکەن، ئەمە سەرەتای شکستی کۆنگرەکە بوو، جگەلەوەی ئێران فشار دەخاتە سەر یەکێتی و پەکەکە، ئەم کۆنگرەیە یان نەکرێت، یان بێ هێزەکانی رۆژهەڵات بێت.

تورکیا زۆرتر لە ئێران نیگەرانە بەو دەلیلەی زۆرترین کورد لە باکورن و کوردی رۆژئاواش لە ژێر کاریگەری کوردی باکور، یان پەکەکەدان، بەو واتایەی لە کۆی (21) کورسی، پەکەکە (6) باکور (5) رۆژئاوا (1) رۆژهەڵات (12)ی کورسی بردبوو، ئەمەش واتای نیوەی کۆنگرە بەدەست پەکەکەوەیەو کۆنگرە ئاسایی دەکەوێتە ژێر کاریگەری سیاسەتەکانی پەکەکەوە، شوێن و پێگەی باکورو رۆژئاوا بەهێز دەکات.

تورکیا دەزانێ کۆنگرەی نەتەوەیی پەکەکە بەهێزتر دەکات و کاریگەریشی لەسەر

هێزەکانی تر و پارچەکانی تر دەبێت، بەتایبەتی پەکەکە لە بواری سیاسی، سەربازی، میدیایی و مادی زۆر بەهێزەو گوتاری پەکەکە زۆر کاریگەرە بۆ دروستکردنی گوتارێکی کوردی یەکگرتوو دژی تورکیا، سەرەڕای ئەوانە تورکیا دەزانێت کۆنگرەی نەتەوەیی دەتوانێت پشتیوانی گەورەی خۆرئاوا بکات و پاڵپشتی سیاسی و میدیایی گەورەی بۆ دورستبکات، ئەمەش لە قازانجی سیاسەتەکانی تورکیا نییە، بەتایبەتی کە کۆی پرۆسەی سیاسی و شەڕی داعش لەلایەن پەیەدەی سەر بە پەکەکەوە بەڕێوەدەچێت.

لەوەش نیگەرانە، کە دوو هێزی سەرەکی ناو کۆنگرەی نەتەوەیی، دژی سیاسەتەکانی تورکیان (یەکێتی، پەکەکە) بۆیە هەوڵیدا فشار بخاتە سەر پارتی کۆنگرە نەبەسترێ و وەکو میوان بەشدار بێت، بێگومان تورکیا و ئێران بەیەکەوەش نەخشەی خۆیان هەیە بۆ تێکدانی کۆنگرەو دەکرێت سەرنەکەوتنی کارەکانی یەکێک بێت لە فاکتەرە دەرەکییەکانی.

# بەشی چوارەم

## کۆنگرە بۆ دواکەوت
## ئایا ئێستا کاتییەتی؟

کۆنگرە دەکرا لە زۆر هەلومەرجی تایبەتی رابردووی کوردستاندا ببەسترێت.

- دەکرا دوای راپەڕینی 1991 بکرایە.

- دەکرا دوای 2003 بکرایە.

- دەکرا پێش هاتنی داعش لە 2014 بکرایە.

بەڵام رەنگە ئێستا لە هەموو کات باشتر بێت، چونکە مەترسی گەورە لەسەر ئەزمونەکانی کوردستان هەیەو کۆنگرە رەنگە بتوانێت باشتر لەم مەترسییانە تێبگات و رێووشوێنی بەرەنگاربوونەوەیان بۆ دابنێت.

- گەر کۆنگرە لە دوای راپەڕینی باشور ببەسترایە رەنگە "رێگری شەڕی ناخۆیی بکردایە، رەنگە بۆ رووداوەکانی رۆژئاوای کوردستان باشتر خۆی سازبدایە، رەنگە بۆ شەڕی داعش تەیارتر بوایە، رەنگە لە پرۆسەی ئاشتی باکور رۆڵی گەورەتری بگێڕایە".

- ئێستاش گەر سازبکرێت، رەنگە رێگری لە شەرێکی نەخوازراوی نێوان پارتی و PKK، یان پارتی و PYD، یان PYD و ئەنەکەسە بگرێت.

-بەڵام خاڵی گرنگ پەیوەستە بەبوونی (ئیرادە) بۆ سازکردن و بەستن و سەرکەوتنی ئیرادە زۆر پێویستە بۆ ئەم هەنگاوە سیاسییە، ئەگەرچی مەرج نییە لەم هەلومەرجەدا، کە بارودۆخ و هەلومەرجی هەر پارچەیەک تایبەتمەندی و بارودۆخی ناوخۆیی و بابەتی هەیە، بتوانرێت ستراتیژێکی یەکگرتووانەی کۆنکرێتی بۆ هەر چوار پارچەکە وەک یەک دابڕێژێت، بەڵام دەتوانێت چەتری پاراستنی دەستکەوتەکان بێت و هێزەکان لە پەرش و بڵاوی ڕزگاربکات، ئێمە بینیمان کە لە ناو کۆنگرە لە (2015)دا، هێزەکان توشی بەریەککەوتنی زۆر بوون.

- هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانی باشور (گۆڕان، کۆمەڵ، یەکگرتوو) زوو بایکۆتی کۆنگرەیانکردو پاشەکشەیانکرد، هێزەکانی ڕۆژهەڵات (پژاک، خەبات) بەیاننامەیان ڕاگەیاند دژی ڕێککەوتنی سێ کۆمەڵەو دوو دیموکرات ، کە فێڵیان لێکراوەو ڕایانگەیاند، ئەو هێزانە نوێنەرایەتی تەواوی ڕۆژهەڵات ناکەن.

- لـە رۆژئـــاوا (پـەیــەدە) تۆمـەتبارکرا بە پاوانخوازی و دواتریش (پارتی وPKK ) لەسەر بەڕێوەبردنی سەرکردایەتی کۆنگرە گرفتی زۆریان دروستکردو کارەکانی کۆنگرە پەکی کەوت.

- بەڵام رۆڵی میانڕەوانەی (ی.ن.ک) دەبێ لەبەرچاو بگرێت، کە وتی: نابێت ئێمە دەخالەت لە کاروباری پارچەکانی تر بکەین، بەڵکو دەبێت هاوکاربین.

- ئـەو دانیشتنانە ئەزمونێکی باشبوو، کە پێیان وتین، هێزەکانی هەر چوار پارچە بەو هەموو کێشەو ئاریشەوە چۆن دەتوانن، کۆنگرەیەکی سەرکەوتوو سازبکەن.

- بۆیە ئێستا کە لە هـەمووکات، زۆرتـر کاتیەتی بۆ سازکردنی کۆنگرەکە، بەڵام گەر کێشەکانیان پێش وەخـت چارەسـەر نەکەن، رەنگە چاوەڕوانی کۆنگرەیەکی سەرکەوتوو، چاوەڕوانییەکی مەنتقی و عاقڵانە نەبێت.

- رەنگە بۆچونێک هەبێت بڵێت "کۆنگرەی نـەتـەوەیی بۆ چـارەســەری کێشەو ئاریشەی

هێزەکانی هەر چوار پارچەیە"، کە ئەم بۆچوونە زۆر نامەنتقیە، گەر هێزەکان بەو هەموو کێشەو گرفت و پاوانخوازی و هەژمونگەرییەوە بچنە ناو کۆنگرەو پێیانوابێت کۆنگرەی نەتەوەیی عەسای سحریەو دەتوانێت کێشەکانی ئەوان چارەسەر بکات، هەڵەن.

- بەڵام کۆنگرە دەتوانێت بوەستێت لەسەر کاڵکردنەوەی کێشەکان و رووبەرووبوونەوەی مەترسییە ناوچەییەکانی هێزە داگیرکەرەکانی کوردستان.

- با بپرسین گەر (پارتی، یەکێتی، پەکەکە، پەیەدە، گۆڕان، کۆمەڵەو دیموکرات) بۆ چارەسەری کێشەکانیان لە دەرەوەی کۆنگرە نەگەیشتنە چارەسەر، چ گەرەنتییەک هەیە، کە کۆنگرە بگەنە ئاکام و رێککەوتن.

- ئاخر یەکێک لەفاکتەرە سەرەکییەکانی شکستی کارەکانی کۆنگرەی هەولێر (2013)، هێزەکان هەموو کێشەکانی خۆیان هێنایە ناو کۆنگرەوە، بۆیەش زوو زوو شکستیخوارد

دووبـارەبـوونـەوەی کۆنگرەی نەتەوەیش بەو عەقڵیەت و میکانیزمەوە، بێگومان جگەلە شکست شتێکی عەجیب و غەریبی لێ ناکەوێتەوە.

– ئەوەش لەولاوە بوەستێت، گەر هێزەکانی کوردستان بزانن یان نەزانن، دەخالەتی ئێران و تورکیاو فشارەکانیان لەسەر (پارتی، یەکێتی و پەکەکە) بەتایبەت یەکێک لە هۆکاربوون بۆ پەکخستنی کارەکانی کۆنگرە و ئێستاش بێ پیلان و جینایەت دانانیشن تا کورد بێت کۆنگرە بگرێت و مـاڵـی خـۆی رێکبخات و گوتارێکی ناسیۆنالیستانە دروستبکات و بڵێ "ئێمە یەکگرتووین ...!"، هـەر ئـەوەش بـوو وایکرد بەتایبەت هێزەکانی رۆژهـەڵات (کۆمەڵە و دیموکرات) هەست بکەن کۆنگرە بۆ چەک داماڵینی، ئەوانەو لە دانیشتنی یەکەمی کۆنگرەدا مستەفا هیجری سکرتێری حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و ئیبراهیمی عەلیزادە سکرتێری رێکخراوی کوردستان – حزبی کۆمۆنیستی ئێران کۆمەڵە بە مەسعود بارزانی دەڵێن "گەر کۆنگرە بۆ ئەو کارەیە ئێمە

ئامادەنین بەشداری وەها کۆنگرەیەک بکەن".

عەلیزادەش راگەیاند "گەر ئێران وەکو میوان بەشداری بکات، ئێمە بەشدار نابین".

- بۆیە کۆنگرەی نەتەوەیی نابێت، رێوو شوێن بۆ هێزگەلی وەک کۆمەڵەو دیموکرات و پەکەکە دابنێت، کە دەست بدەنە ئاشتی و لە خەباتی چەکداری دەست هەڵگرن، ئەمە داوایەکی نارەوایە، چونکە خەباتی باشور، شۆڕشی چەکداری لەپاڵ بارودۆخی بابەتی، بەعسی رووخاندو خەباتی رۆژئاواش بە شۆڕشی چەکداری لە پاڵ قەیرانی سوریا سەرکەوتنی بەدەستهێناوە.

- بۆیە داهاتووی کۆنگرەی نەتەوەیی، هەرگیز نابێت، مەرج و داخوازییەک بخاتە بەرباس کە زەرەری خەبات و شۆڕشی رەوای ئەو پارچانەدایە.

- بەڵام دەبێ ئەوەش بزانین کۆنگرەی نەتەوەیی بێ شەش هێزی سەرەکی چێ نابێت (پەکەکە، یەکێتی، پارتی، دیموکرات، کۆمەڵە، پەیەدە).

# بەشی پێنجەم

## کێ خاوەنی تێزی کۆنگرەی نەتەوەییە؟

"ناسیۆنالیسزمی تورک، عەرەب، فارس بە درێژایی سەدەیەک سەلماندیان،
کە ئـەوان لە جیاتی ئـەوەی پرۆژەیەکی رزگاریخوازی و رۆشنگەری و عەقڵانی بن،
بـزاوتـێـکـی شـۆفـێـنـی تـۆتـالـیـتـاری و عەسکەرین"

گرفتی هێزە کوردییەکان، تێنەگەیشتنە لەم تێڕوانینە شۆفێنستانەی تورک و عەرەب و فـارس، هـەربـۆیـە کـورد نەبۆتە خاوەنی گوتارێکی کوردی یەکگرتوو و ناسیۆنالیستانە.
دیقەن بدەن پارتی دیموکراتی کوردستان دەڵـێ "ئێمە لە حەفتاکانەوە خـاوەنـی تێزی کۆنگرەی نـەتـەوەیـین"، حزبی دیموکراتی کـوردسـتـانـی ئـێـران و یەکێتی نیشتمانی کـوردسـتـان دەڵـێـن "ئێمە لـە هەشتاکانەوە خاوەنی ئـەم تێزەیەن" و پارتی کرێکارانی کوردستانیش دەڵێت "ئێمە لە نەوەدەکانەوە ئەم تێزەمان بە فعلی خستۆتەکارو لە (1999) کۆنگرەی نـەتـەوەیـی کـورد (KNK)مـان لە برۆکسل دروستکردووە".

بە واتایەکی تر ڕێبەرانی ئەم چوار حەرەکەیە، واتا مام جەلال، ئیدریس بارزانی، قاسملۆو عەبدوڵڵا ئۆجەلان، خاوەنی ئەم تێزەن.

گریمان ئەوانە هەموو ڕاستن و بە فیعلیش ئەم چوار هێزە تا ئێستاش نوێنەرایەتی ئەکسەریەتی کۆمەڵگەی کوردستان دەکەن و ئەم چوار ڕەهبەرش خاوەنی کاریزماتیک و ڕۆڵی بەرچاون.

بەڵام تێز گرنگ نییە، سەنتێز گرنگەو کارپێکردن گرنگە.

قسەکە ئەوەیە، ئایا هیچ کراوە بۆ کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان یەکگرتووی خاوەنی یەک گوتار؟

ئەگەر کراوە، بۆچی ئێمە دێن تازە قسە لەسەر فۆرم و شێوازو هۆکار لەمپەرەکانی سەر ئەو ڕێگایە دەکەین؟ ئەگەر ئەوە ڕاست بێت، ئەم چوار هێزە خاوەنی ئەم تێزەن، ئەوەش ڕێک ڕاستە، کە هەر ئەم چوار هێزەش ڕێگرن لەبەردەم سازنەکردن و

نەبەستنی کۆنگرەیەکی سەرکەتووی خاوەنی یەک گوتاری کوردی و ئەنتی فاشیزمی تورک و عەرەب و فارس.

ئاخر گەر ئەم چوار هێزە، خاوەنی ئەجێندایەکی یەکگرتوو بن و چاو لە هەژموون و هەیمەنەی خۆیان بپارێزن، دەست لە کۆمەڵێک ئیمتیازی سیاسی – حزبی – ئیدۆلۆژی هەڵبگرن و لەژێر کاریگەری وڵاتانی ناوچەیی دەربچن و ڕەچاوی هەلومەرجی نالەباری کوردستان لەهەر چوار پارچەکە بکەن، کەمێک لە خەیاڵی فراوانخوازی و هەژمونی حزبی و نفوزی خۆیان خۆش بن و هاوکاری هێزەکانی تری کوردستان و پارچەکانی تر بکەن، خۆ ئەوان بچووک نابنەوە.

گەر ئەم چوار هێزە پێداگری لەسەر کۆنگرەیەکی تەندروست بکەن، هێزگەلێک گەر دژیش بن، ناتوانن بەربەستی بەردەم کۆنگرە بن.

گەر ئەم هێزانە ڕۆڵ و قورسایی هێزەکانی تری وەک (کۆمەڵەکان، سازمانی خەبات، پاک، پارتی سەربەخۆیی، یەکێتی شۆڕشگێڕان)

وەک (گۆڕان، کۆمەڵ، یەکگرتوو، شیوعی، سۆسیالیست، زەحمەتکێشان و بزوتنەوەی ئیسلامی) وەک (ئەنەکەسە)و (سۆسیالیست – رەوتەکانی باکور) بگرن، دڵنیام هەموویان هاوکار دەبن، نەک دژ.

بەڵام بەمەرجێک هەژمون – ئیدۆلۆژیای خۆیان زاڵ نەکەن و رێز لە ئیرادەو هەژمون و ئیدۆلۆژیاو فکرو بیرو رێبازی ئەم هێزانەش بگرن.

کەواتا کۆنگرەی نەتەوەیی دەبێت هاوسەنگی نێوان هەموو هێزە گەورەو بچووکەکان رابگرێت و کەس خۆی نەکات بە مەرجەع و کوێخای هێزەکانی تر و هەر هێزێکی گەورەی پارچەیەکی تری کوردستان، خۆی بە مەرجەع و کوێخای پارچەکەی خۆی نەزانێت.

ئێستا راستە لە چوار پارچەی کوردستان هێزەکان بەمشێوەیە لە رۆژهەلات (حزبی دیموکراتی کوردستان، حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، کۆمەڵەی

زەحمەتکێشانی کوردستان، ڕێکخراوی کوردستانی - حزبی کۆمۆنیستیی ئێران (کۆمەڵە)، لەگەڵ پارتی ژیانی ئازادی کوردستان (پژاک) و (کۆدار) هێزی سەرەکی گەورەن.

بەڵام هێزەکانی تریش هەن وەک (پارتی ئازادی کوردستان (پاک)، پارتی سەربەخۆیی کوردستان، پارتی سەربەستی کوردستان، سازمانی خەباتی کوردستان، سازمانی خەباتی شۆڕشگێڕی کوردستان، یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان، سوپای رزگاری کوردستان، پارتی کۆماری کوردستان، پارتی لیبڕاڵی کوردستان، پارتی یەکسانی کوردستان)، لەباشور (یەکێتی نیشتمانی کوردستان، پارتی دیموکراتی کوردستان، بزوتنەوەی گۆڕان، یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان، کۆمەڵەی ئیسلامی کوردستان) پێنج هێزی یەکەمن.

بەڵام هێز گەلی تریش هەن (حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، حزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان، تەڤگەری ئازادی

کوردستان، حزبی شیوعی کوردستان) دەیان حزب لە رۆژئاوا سەرەڕای هێزی گەورەی وەک (پارتی یەکێتی دیموکراتی سوریا (PYD)، تەڤدەم، ئەنەکەسە، پارتی دیموکراتی کوردستانی سوریا، پارتی پێشکەوتنخوازی دیموکراتی کوردی سوریا، پارتی چەپی کوردی سوریا، پارتی دیموکراتی کوردی سوریا، پارتی یەکێتی کوردی سوریا، پارتی یەکێتی دیموکراتی کوردستانی سوریا، پارتی یەکێتی دیموکراتی کوردی سوریا (یەکێتی)، پارتی یەکێتی دیموکراتی کوردستانی سوریا، پارتی عەدالەتی دیموکراتی کوردی سوریا، بزوتنەوەی چاکسازی کوردی سوریا، پارتی یەکێتی کوردی سوریا، پارتی چەپی دیموکراتی کوردی سوریا، پارتی چەپی کورد، پارتی ویفاقی کوردی سوریا، پارتی گەلی کوردی سوریا، بزوتنەوەی گۆڕانی کوردی سوریا).

لە باکوریش سەرەڕای (پارتی کرێکارانی کوردستان) دەیان رێکخراوی تر هەن.

# بەرهەمە چاپکراوەکانی ئەنوەر حسێن

| ژ | ناوی کتێب | بابەت | ساڵ |
| --- | --- | --- | --- |
| 1 | خوێندنەوەیەك بۆ مەسەلەی گۆڕانی سیاسی لەعیراقدا | لێکۆڵینەوەی سیاسی | 2003 |
| 2 | تیرستان | گۆشەی ڕۆژنامەنووسی | 2003 |
| 3 | کورد لەئاڵوگۆڕانکارییەکانی عیراقدا | لێکۆڵینەوەی سیاسی | 2005 |
| 4 | ئاشنابوون بە ئەفلاتوون | پێشەکی و پێداچوونەوە | 2005 |
| 5 | فایل | گۆشەی ڕۆژنامەنووسی | 2006 |
| 6 | ڕۆمانێك لەگفتوگۆدا — چەند دیدار سەبارەت بەشاری مۆسیقارە سپییەکانی بەختیار عەلی | دیدارو چاوپێکەوتن | 2006 |
| 7 | قەدەر | شیعر | 2007 |
|  | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | پێشەکی و پێداچوونەوە | 2007 |
| 8 | یاداشتەکانی ڕۆژانی تەنیایی، گابرێل گارسیا مارکیز | پێشەکی و پێداچوونەوە | 2008 |
| 9 | دۆکیومێنت | گۆشەی ڕۆژنامەنووسی | 2008 |
| 10 | کورد و قەیرانەکانی عیراق | لێکۆڵینەوەی سیاسی | 2008 |
| 11 | دیدار لەگەڵ سێ شاعیری چەپی کوردستانی ئێران | دیداری ئەدەبی | 2009 |
| 12 | بلیمەتی و شێتی | فەلسەفە | 2009 |
| 13 | لەئاریزەوە تا سازو زوڵفا | دیدار و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی | 2010 |
| 14 | چاوەکانی باران | (شیعر | 2010 |
| 15 | عێراقی مۆزایك و ناهۆمۆجین | لێکۆڵینەوەی سیاسی | 2011 |
| 16 | کاتی دواین قسەیە | گۆشەی ڕۆژنامەنووسی | 2011 |
| 17 | چۆن بۆت بدوێم | دیوانی شیعری ئەحمەد بازگر کۆکردنەوە و ئامادەکردن و پێشەکی، (شیعر) | 2011 |
| 18 | مۆدێلی حزبایەتی لەکوردستان | لێکۆڵینەوەی سیاسی | 2011 |
| 19 | سانسۆر | گۆشەی ڕۆژنامەنووسی | 2011 |
| 20 | لۆژیك، ئەپستمۆلۆژیا، میتافیزیك لە دیدیی فەلسەفیەوە | فەلسەفە | 2012 |
| 21 | سەردەمی چاوەڕوانی | شیعر | 2012 |
| 22 | قەقنەسێك بەسەر ئاویەرەوە | دیدار لەگەڵ مەزهەری خالقی | 2012 |
| 23 | شاهێنی ئاناوازا | دیدار لەگەڵ عەبدوڵڵا حەسەن زادە | 2012 |
| 24 | گوڵە گەنمێکی قەرسیلی سەوز | دیدار لەگەڵ ناسر ڕەزازی | 2012 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 25 | پریسترۆیکای بەهاری عەرەبی | لێکۆڵینەوەی سیاسی | 2012 |
| 26 | رۆڵی یەکێتی لە دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگەی کوردستان | لێکۆڵینەوەی سیاسی | 2012 |
| 27 | مەلا بەختیار–گوتاری ئەنکەرە، وەرچەرخانی هاوچەرخی کوردایەتی | وتاری سیاسی | 2013 |
| 28 | ملوانکەی شین، دیوانی شیعری شەریف | کۆکردنەوە و پێشەکی بەهاوبەشی لەگەڵ لوقمان رەئوف)(شیعر) | 2013 |
| 29 | دیوانی بۆ ئازادی | دیوانی شیعری مصلح شێخولئیسلامی (رێبوار) کۆکردنەوە و ئامادەکردن وپێشەکی (شیعر) | 2013 |
| 30 | پێگەی خۆرهەڵاتی کوردستان لە کۆنگرەی نەتەوەیدا | دیدار و چاوپێکەوتن | 2013 |
| 31 | لە زرگوێزەوە بۆ ئۆکرانیا | سیاسی | 2014 |
| 32 | بەهاری عەرەبی و مەترسییەکانی فێندەمێنتالیزم | سیاسی | 2015 |
| 33 | لە قەندیلەوە بۆ کۆبانی | دیدار لەگەڵ جەمیل بایك هاوسەرۆکی pkkو موراد قەرەیلان ئەندامی کۆنسەی سەرۆکایەتی (pkk دیدار و چاوپێکەوتن) | 2015 |
| 34 | هەژمونی پەکەکە دوای سەرهەڵدانی داعش | سیاسی | 2015 |
| 35 | هەژمونی هیلالی شیعی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا | سیاسی | 2015 |
| 36 | فاکت | گۆشەی رۆژنامەنوسی | 2016 |
| 37 | داعش و میلیشیاکانی | سیاسی | 2016 |
| 38 | حیکایەتی مرۆڤە ستەملێکراوەکان | ئەدەبی | 2016 |
| 39 | نفوذ الهلال الشيعي في الشرق الاوسط | سیاسی | 2017 |
| 40 | هەژمونی هیلالی شیعی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا | سیاسی | 2017 |
| 41 | کورد لەناو گۆڕانکارییەکانی عێراقدا | سیاسی | 2017 |
| 42 | کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان | سیاسی | 2018 |